# کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە

# كە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە

دڵشاد عەبدوڵڵا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دڵشاد عەبدوڵلا
کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤٩
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣٠٩ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: بۆکان نووری سەعید

## لە سوپاکەی گەزنەفۆندا

ڕووباری کاردۆخییەکان بە لرفە دەڕوا
لە ڕۆخیدا، گەنجێکی ئەسینی
بە باشترین زرێپۆشەوە
لە خواوەندەکان دەپاڕێتەوە
ئەم جەنگە زوو ببڕێتەوە.
لە شەوەزەنگی وەهادا بەرزاییەکان ئارامی نابەخشن
بە ئەسپایی، تاریکی گۆی مەمکی دەخاتە زاری
غەریبێکی وەکی من. لە کەنگێوە
ئەو تامە ناخۆشە دەڕژێتە گەروو
زیۆسیش لەو دیوی ئاسۆوە
لەسەر کورسییەکی لە ئاگر، بێ ئامانج

چراکان هەڵدەکا و دەیانکوژێنێتەوە
خامۆشی هێندە گەورەیە هەر نابڕێتەوە
وەکی ئەوە کوێرێک دەینوێنێ لە ئاست دیمەنێکی دڵڕفێندا
ئەویش هەر ئەوەی پێ دەکرێ، بێداریشی بێهوودەیە
دادی بێ ئامانی نادا خواوەندیش.
گوندنشینەکان هەڵاتوون چوونە چیاکان
سنووری باکور نا ئارامە لێیان
دەڵێی با بزری کردوون لە شەپۆلی پەنهانی خۆیدا
ئاشتییەکیش ئەگەر گەرەک بێ بەرپا بێ، کێ دەیکا؟

ئەوان ئەو هەموو ماڵ و شمەک و خۆراکەیان جێ هێشتووە
شتێک هەیە شیرینترە لایان لەوانە
تامی هەر دەمێنێ لەسەر زار هەتا زەمان زەمانە
یان ئەڵقەیەک ئالاوە لە گەردن
توندترە لە بینەقاقای مردن
ئەو شتە وای کردووە نەتوانن،
نان لەسەر سفرەدا بخۆن
ئاو لە کاسە بخۆنەوە
لەگەڵ ژنەکانیان بنوون لەناو جێگە و نوێندا
دڵنیابن لەوەی ڕوو دەدا،
لە سایەی سوپایەکدا کە کەسی تێدا ناناسن.

له قووڵاییی بێ هۆشیدا دەگەمە بەرزاییی پرسیارێک
ئاوڕ دەدەمەوە، لەشکرێکی بێگانە و خانەخوێ
یەکیان هەمیشە دێ
ئەوی تریان بەردەوام هەڵدێ
گریمان ئەو دووە گەیشتن بە یەک، چۆن حاڵی دەبن؟
چ زمانێک دەگەڕێ لە نێوانیاندا؟
چ هێمایەک دەشکێنێ بێدەنگی ئەو ناوە؟
لە کۆششی شێتانەدا کابرای ئەسینی
بایەوان هەڵدەکا بۆ دوورگەی خەیاڵ
ئەو گێژەنە چۆن تێپەڕ دەکا؟
لەو جۆرە شوێنانە کە بنیادەم دەستی ناگاتە دەستی بەرانبەری
کە چاو فریای نواندنێکی بەزەییانە ناکەوێ
کە ڕم و تیر دەکەونە بەینەوە
چۆڵەوانی پڕ لە وەحشەت هەرەس دێنێ
لە ئاست دەنگ و سەدای جەنگ
لەو شوێنانە ڕوح چۆکدا دەدا و هێزی لەش هێرش دێنێ
ئای بۆ ژنێک بە تی چاو بێتە ناو دیمەنەکەوە
سەرلەبەری بگۆڕێ
جادوو بکا لە گەورەترین سەرکردەش.

جوانی کە هەزاران ڕەگی لە تاریکیدایە
کەمێکی لەسەر دنیایە
بەو کەمە دەتوانێ بەر لە بەربەرییەت بگرێ
پێم بڵێ ئەی پاشای نهێنی گەورە و
ئەفسوونی ئەڤینی بێ پایان
ئەوان، بۆ حەز ناکەن بمانبینن
بۆ نایانەوێ پێمانی بفرۆشن: نان و شەراب؟
یان بریسکەی شیرەکانمان ببینن
بەسەر لاشەی دوژمنی هاوبەشەوە
ئەوان، دەتوانن جەنگێک ببەنەوە
بەدەستی خۆیان نییە و بە دڵی خۆیانە
ئەوە نییە شەڕی ئێمە و پارسەکان
مەیدانی پڕ کردووە لە کەلەسەری هەردوو لا
کەچی ئەوان نایانەوێ ئەوەش ببینن.

بەردێک لە جێیەکی بڵندەوە تل دەکرێتە خوار
شڵپ و هۆڕ دەخاتە ڕووبار
وریا بە گەزنەفۆن
سوپای تارمایی بێ جێ و مەکانە
هەر کاتێک بخوازێ ئامرازی جەنگ بێ ئامانە
بە خێرایی لە ئاوەکە دەپەڕێتەوە گەنجی ئەسینی
دڵی پڕە، ئارەزوویەتی بڕژێ ئەسرینی
بۆ ژنێک کە لەودیو دەریاوە چاوەڕێی دەکا
دوو مەمکی شلی شۆڕ کردووەتەوە سەرسینە
چاوی هەڵخستووە بەلای ڕۆژهەڵاتدا
کەی هەواڵی هاتنەوەی میری پێ دەگا؟

دڵنیا نییە لە مان و نەمانی
ئەویش لێرە لەو شاخە دوورانە
بێهوودە لە شەڕێکدایە، کە سەرکەوتنی مسۆگەر نییە
بەڵام دڵنیایە، هەموو شەوێک ژنەکەی لە خەودا دەیبینێ
لەوپەڕی سەرکەوتندایە
ئاخ ! ئەگەر شادبوومەوە پێی
ئەگەر ماین و یەکترمان دیتەوە
چی بۆ یەکتر دەگێڕینەوە؟
چی بگێڕمەوە؟
ئەوەی ئێستا ڕوو دەدا گۆبەندی بەشەرە
لە کۆندا ڕووی داوە و دەشێ لە داهاتووشدا ڕوو بدا
ئەگەری جەنگ هەمیشە لە بەرپابووندایە
دنیا بەو ئاگرە سووتاوە
هەمووومان تێیدا دۆڕاوین
بەتایبەتیش ئەوانەمان کە ماوین و نەکوژراوین.

## که بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە

**دەربەندی بێلوولە (کابووس)**

بە بەرچاوی ئێوارەوە
زەوی هەر هێندەی تەماشایەکی مابوو
لە خوارەوە گیا ئەژدیها زاری کردبووەوە
بەشی ژەمێکی ئەو گیایە دەبووم
لەشکری زەردەواڵە ئاڵابوون پێمەوە
لە چاو نووقانێکدا..

هەر ددانێکیان کرد بە هەزار
ئەو هەموو مشارە دەیهاڕیم
ئەو هەموو قوڕگە شەقارە لوولیان دەدام
ئەو هەموو گەدەیە دەیجنیم
بەهێزی ئەو ترسە چڕنووکم گرت لە هەوا
بە خەیاڵی دوورکەوتنەوە
پێوەندیم لەگەڵ زەوی پچڕا
دەمویست ببم بە کوڕی هەوا
بچمەوە ناو ڕەحمی ئاسمان
ترسم هەبوو ئەویش جێگەی ئومێد نەبێ
دەموت ئەو هەموو مەگەزە
دەگەنە گشت جێ
ژیان هەمیشە زەلیلە بەدەستی مردنەوە
لە خەویشدا.

**بنگرد (فۆتۆ)**

گوڵی شەو ڕاکشاوە بەرانبەرم
بۆنی خۆمی لێ دەسووم
سەربووردەی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە
لە بیری نەماوە لە کەیەوە یەکترمان ناسیوە
کەی یەکترمان خۆش ویستووە
بەبیری دێنمەوە:
ئەو کاتەی گۆپکە بوو
تازە زاری دەکردەوە
من بەدیارییەوە دەنووکم لێک دەدا
شتێکم دەچڕی لە شێوەی ئومێد
هەردووکمان گیرۆدەین بەو وەرزەی ڕابردوو
نازانین چییە داهاتوو
لە ناکاو گوللەی بەیانی ئەو گوڵە دەپێکێ
چەند حەسوودی بەو جۆرە پێکرانە دەبەم
ئەو جۆرە کوژرانە چەند جوانە
دەکۆشم بگەم پێی
ڕادەکەم بەدوایدا..

بەو دەشت و دۆڵ و چیایە
کە دەگەمە لووتکە
خۆر دەبینم بە عێدزی دێ
وەکی ئەوەی کەتنێکی کردبێ
خۆی بۆ کەتنێکی تر ئامادە کا
وێنەکە وا دەنوێنێ:
هەردووکمان بەیەک جۆر بمرین
من و گوڵی شەو.

**هێڵی تالووک (پانتۆمایم)**

ئاو کوا هێندە شەڕانگێزە؟
کەی جەنگی هەڵگیرساندووە لە دژی یەکێک؟
ئەی ئەو هەموو تەلبەندە بۆ دەئاڵێ لە کەمەری؟
ئەو هەموو سەنگەرە لێ دەدرێ بەرانبەری؟
ئەو هەموو هێڵی بەرگرییە بۆچییە؟
لەوەتەی ئاوم ناسیوە هەر خەریکی سەمایە
دڵی کەسی نەڕەنجاندووە
دۆستی گشت بووە.
ئەو تالووکە هیندییە یا ئەفغانییە؟
موساییە یا عیسایی؟
ئاوی بەو چەشنە پارچە کردووە
چ بیانوویەکی بەدەستەوە بووە
ئەو لەشە ناسکەی وا لێ کردووە
دەستی ڕاستی داوە بە ئەو، هی چەپ بۆ ئەم

نیوەی سک و نیوەی مەمک و
نیوەی دڵ و
نیوەی ئاوی داوە بە ئەم، نیوەش بە ئەو
ئەو گاڵتەجاڕییە چییە؟
ئاو کەی ڕاست و چەپی هەبووە؟
تەبیعەتی ئاو ئاوهایە
هی هەموو کەس بووە و هی کەسیش نەبووە
کەمێکیشی هی تۆ بێ وەکی ئەوەیە
هەمووی هی تۆ بووە.

**دێگەڵە (چەمەرە)**

هەموو جارێک کە بێرە تێ دەپەڕم
گومێک دێتە ناو زەینمەوە
ڕۆخی پڕە لە کۆتر
دەنگێکی گەورە هەڵیان دەفڕێنێ
هەموو جارێک ئێرە گۆمێک بووە
هەموو جارێکیش تێیدا خنکاوم

**سەیرانبەن (میلۆدی)**

لەناو سەیارەکەی فەتحولا

چەند کەسێکین

وا دێتە بەرچاو کۆتاییی دنیایە

لەو جۆرە شوێنانە

خەیاڵ باشترین پەنایە

ئاوازێک هەڵدەکا دوور

قەناعەت دەشکێنێتەوە

لەوەتەی هەین لەو دوندانە گیرمان خواردووە.

لە سەیارەکە دێمە دەرێ

هەوا خنکاوە لەناو سێ چیا

ئاو لە خوارەوە گەیشتووەتە بنبەست

شەو دێ و فریامان دەکەوێ

بەناچاری ئەم جارەشیان تەسلیم دەبینە خۆمان.

**نالْپارێز (نوستالجیا)**

ماڵی خانەخوێ لە قوڕە
سۆپای سووری سۆربووەتەوە لە شەرمان
بۆنی چای دووغەزال
دەکشێ لە ژوور
من شێتی ئاگر و ئەو بۆنەم
چا برادەرێکی کۆنە
چانییە ئەویش لێرەیە
شەوێکیان.. لەو شوێنە لە خاچ دراوم
لەسەر ئەو ئەرزی خودایە لێم قەومایە
دارێک منی گرتووەتە خۆی
ئەو دارە لە کوێیە؟
لە دەورم گەڕاوە و بۆ من مردووە
خانەخوێکەم ئەمەی گێڕاوە.

**سەفرە و زەنوون (تراجیدیا)**

دۆڵەکە پڕە لە باڵندەی بێ دەندوک
سیحریان لە فڕینیان دایە
پڕە لە پوونگ بۆنیان بەرهەڵایە
میوانێک لە دوورەوە دێ
چی لە پێش دابنرێ؟
مێوژی خەفەتباری؟
دۆشاوی هەژاری؟
باش بوو مانگ هات
تریفەی خۆی پێ دادا
ئەگینا نوێنمان هەر برین بوو.
بەیانییەکەی.. لە هەیوانیماڵەکەدا
هەموویان خۆیان کوشتبوو بە مانگیشەوە
ئەو شوێنە پەرستگایە.
نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین گەیشتمە ئێرە
دەرگەیەکی کۆن ئەوەی بۆ گێڕامەوە
ئەو جۆرە خانووە
نابێ بچیتە ژوورێ
مردن هێلانەی تێدا کردووە
نابێ بیفڕێنی
بە چۆکدا هاتم و کڕنووشم برد بۆی.

**پەرستگەی هەنگ (ئۆپیرا)**

شاژن کۆمانی کردەوە

وتی، ئێرە کۆمۆنەیە.

بەو پێیە شاژن مارکسە

جیاوازییەک هەبێ لە نێوانیاندا

بەری ڕەنجی ئەمیان هەنگوینی گەوارا

هی ئەویان فەلسەفەیە

لەو پەرستگەیە دین ئەفیون نییە.

سەما گەرمە تا درەنگی شەو
کە لێ بووینەوە
شاژن بڕیاری دا:
ئیتر ئێمە و بەنی ئادەم جیا دەبینەوە.
ئێمە لەوەتەی هەین دەفڕین بەو ساکارییە
ئەوان لەوەتەی هەن قیناع دەپۆشن
بەجلی مشەمما و دەسکێش و جزمەوە
دێن بۆ جێ ژوان
بەدحاڵن لێمان
لەگەڵ ئەو جۆرە بوونەوەرانە
ژیان گرانە
هیلاک بووین بەدەستیانەوە
بەڵام.. ئاخ چی بکەین لە گوڵ
لەو خاڵی هاوبەشەی نێوانمان؟
.........
.........

له کۆتاییی دیمەنەکەدا: شاژن
بە بەرچاوی هەموومانەوە مرد.
ئەوە جوانترین مەرگ بوو
لە هێمنییاندا شیرین بوو.
کەچی لە جیاتی ئەوەی پرسەی بۆ دابنرێ
ماڵەکەی دەدزرێ
سەروەت و سامانی دەبردرێ
ئەو سەما خوداییيە ئاوهایە
خۆشیی ئەوان
لە ناخۆشیی ئێمە دایە

## ئەوپەڕی هێمنی ئەوپەڕی شڵەژان

١

شەو هاتە ناو جێگەم لە شێوەی ژنێک
زۆر شتی بەخشیبوو پێم
بەیانیش کە ڕۆیشتبوو
لەتە مانگێکی پیرۆزەیی لەناو کتێبێکدا بۆم جێ هێشتبوو
ئەوە بەر لە چەند ساڵێک بوو
لەو ڕۆژەوە ئەو لەتە مانگەم
هەڵواسیوە لە ژوورەکەمدا
نە ئەو شەوە دەگەڕێتەوە نە لەتە مانگەکەش دەڕوا.

٢

مێروولەیەک شتێکی گرتووە بەزار
دەیگوازێتەوە لە پەنا ئەم دیوارەوە بۆ ئەو دیوار
چەندە ئەو دڵەی بەو پووشە خۆشە؟
دیمەنەکە لەوپەڕی هێمنیدایە.
شێرێک لمۆزی سوورە بە خوێنی مامزێک
لنگەفرتێیەتی بە دەمییەوە
چەند شڵەژاوە دیمەنەکە.

٣

هەورەكان لە بەرزیدان

ئەوانەی دەبارن خومارن

هەتا یەكجاری نامێنن هەر دێنە خوارێ

ئەوانەی هەر لە بەرزیدان

نەزۆک و لووتبەرزن نابارن

ئەنجامیشیان هەر فەنابوونە.

٤

دەمبەی بۆ کوێ؟

شارم بۆ چییە بگەڕێم تێیدا

شەقام و کۆڵان

باخچە و هەرچی کتێبخانەکان

دیتنی دۆست و یارەکان

ئەوانەی کە ناسیوومن بەوانەشەوە کە هێشتا نەمناسیوون

خوا حافیزییان لێ دەکەم

ئەو پێنج و چوار ڕۆژەی ماوە

تەنیا بەشی دیتنی چاوی تۆ دەکا!

بۆ کوێم دەبەی؟

لووتکەی بەرز و دەشتی بەرینم بۆچییە؟
زەریا قووڵ با هەر شەپۆل بدا لە لێوار
پایز هەر بڕژێنێ گەڵای دار
یا بەهار، بپشکوێنێ هەرچی گوڵە لە لالەزار
ئەوانە هەموویان جوانی سەردەمانێکن تۆم نەناسیبوو
ئێستا چاو کزە حوکمی نەماوە
دیتنی ئەو هەموو دیمەنە پەرش و بڵاوە
هێزی هەر هێندە تیادا ماوە تۆ ببینێ و بەس
هیلاکی ئەو هەموو ساڵە
ئەو هەموو گلان و پیلانەکە دیاری زەمانە بۆ من
هەموویانم وەرگرت و بەخشیمەوە بەخۆی
لە شوێن هەرچاڵێک هەڵکەنرا بۆم
مۆمێکم داگیرساند
پەروانەی خولیای سووتانم
گرفتاری تۆم چوزانم
هەموو شوێنێک پڕە لە تۆ
چیم ماوە بیگێڕی لە شاران
بیدەیتە دەم بای ساردی کۆهساران.

٥

تۆ قاوەت بۆ گرتوومەوە:
بنی فنجان تەڕ بووە بە گریان
دڵێک لەو دوور دەسووتێ
نێوانیان قوڕێکی خەستە
ناهێڵێ ئەو دڵە بگا بەهیچ کوێ
مەترسە، من لەو شوێنە تەڕانەدا باڵا بەرزترم
ئەو سووتان و گریانەش دوورم دەخاتەوە لە چاوی بەدکار
دەمپارێزێ لە شەوی تاریکی ئەغیار
وانەبووایە ئێستاکە نەمابووم
لەژێر خاکدا هەزار جار گلابووم

٦

باسی وەفا و بێ وەفایی:
سنووریان تێکەڵی یەک بووە
یەکیان سیمای ئەوی تری هەڵگرتووە
ئەوەی من دێنێ بۆ لای تۆ وەفا نییە شێتییە
دنیا هەمووی، بێ وەفایی حوکمی تێدا دەگێڕێ
من لەبەر تۆ ئەویشم تەرک کردووە.

٧

له بەرانبەر قەڵا دەستم گیرکردووە لە کەمەری شار
ئەو سەرحە ناز شکاوە
دڵی لەبۆ من لێ دەدا
دەڵێی یەکەمین جاریەتی دەمبینێ.
زۆرم سەفەر کردووە
یەکەم جار تا بناری سەفین لەگەڵم هاتووە
لە دووەمیاندا هەتا حەسارۆست
لە سێیەمیاندا هەتا هەمەدان
دواتر بۆ هەر کوێ چووبم
پێش من جانتای کۆ کردووەتەوە
دڵی نەهاتووە، بە تەنیا بەرێم بکا.

ئێستاکە بە یەکجاری گەڕاومەتەوە
هەر ڕۆژەو بیانوویەک دەدۆزتەوە بۆ گێچەڵێک
وای لێ هاتووە
لەختوخۆڕایی شەڕم پێ دەفرۆشێ
دەزانم هەموو گرفتەکەشی ئەوەیە کە پیر بووە
لە گیانی خۆی بێزار بووە
بێ هوودەش بووە لەوەی نەوەکانی بگەڕێنەوە
ئەو هەموو کەسوکارە و ئەو هەموو دۆست و یارە چوونە کوێ؟
قووبەی مەرجانی لە کوێوە درزی هانی؟
نە ترپەی پێیەک نە خشپەی گەڵا
نە میاوە میاوی پشیلەیەک نە حەپەی سەگێک
هەتا مانگیش کە دێ و گوزەر دەکا بێرە
تریفەی بەرز دەکاتەوە
خۆی نادا لە دار و پەردووی کەلاوەکانی
لە بیری چووەتەوە، ڕاکشانی ناو کوللەی پەمەیی سەربانەکانی
کە کزە با دەیلەراندەوە پەرچەمی هەتا بەیانی
چییان لە دەست دێ، باخچە و فوارە بەرانبەر خەمگینی دەرگەکانی؟

نازی ئەو سەرحە شکاوە
پەیکەرێک بە تەنیا ناتوانێ ببێتە پاسەوانی
ئەو کتێبەی بە دەستییەوەیە
نە پەڕێکی هەڵدەدرێتەوە
نە قەڵاش حەرفێک لە زمانی ئەو دەزانێ
ئێمەش کوڕە کرمانجی کلاش خوار
هەتا شل بووین دامانە بەر خڕکە بەرد و بەردەقانی
ئای.. قەڵا چەندە تەنیایە
لەناو شەوی بێ وەفاییی ڕۆڵەکانی.

٨

کاغەز لە کۆنەوە ئەوە پیشەی بووە:
ژیانی دزیوە
بە ناعەدالەتی پاراستووە
ئەوانی ناگەنە شوورەی قەڵای سپی
ئەوانەن کە دەژین لە ئێستادا
ناتوانن بمێنن هەتا هەتایە
ئێمە کە دەبین بە شەریکیان
کووپەی پیرۆزین هەڵیان دەگرین لەم دنیایە
ترێش هەروایە تەمەنی کورتە
کە بوو بە شەراب ئەوسا ڕەهایە.

٩

له پەنجەرەی ژوورەکەمەوە ئەستێرەیەک دیارە
بەیانی دێ و ئەو هێشتا نەڕۆیشتوە
دڵی نایێ بڕوا
پێ دەچێ دایکم بێ دڵی ئەو ئاوهایە.

١٠

به کەشتییەوانەکان بڵێن با سەوڵ لێ دەن کەنار دوورە.

ئاگرەکان مەکوژێننەوە شەو هێشتا زۆری ماوە.

مەمکوژن!

داهاتوو گەرای لەناو وشەی من داناوە.

بێدەنگی کفنە هەموو دەبێ بیکەینە بەر

کەچی دەنگ ئەمێستاش ڕووت نەبووەتەوە

جلوبەرگی ڕەنگینی فڕێ نەداوە

بە خۆڕایی نییە شاعیر دەچریکێنێ

کەمی وتوە و زۆری ماوە.

١١

ڕابردوو بەیەک شێوە دەمێنێ
ئەویش بازنەییە
شیعر بەیەک شێوە دەنووسرێ
ئەویش خۆکوشتییە
ئێوارە ئەم وانەیەی پێ وتووم
لە دوا چرکەی ئاوابوونیدا.

چاویان هەڵنایێ پێی.

١٢

مار تەماشای زوومرت بکا کوێر دەبێ

وەک ئەوانەی تەماشای شیعری من دەکەن

چاویان هەڵنایێ پێی.

١٣

فەرهاد نەبووا
بێستوون ئێستا شاخێک دەبوو
لەوانەی وڵاتەکەم پڕە لێیان
شیرین نەبووا فەرهادیش هەر ناوێک دەبوو.

١٤

بەسووکی تەماشای ئەو کەسە مەکە کە دراوە لەدار
ئەویش دڵی پڕە لە خولیا
خەیاڵی هەزار بەهەزار

١٥

بە شیری روح دەنووسم

کە ویستت بیخوێنیتەوە

بمەیێ

١٦

(ئەوانەی بەدوای ئاڵتووندا دەگەڕێن
خۆڵێکی زۆر هەڵدەدەنەوە
زیرێکی کەم دەبیننەوە)
ئەو هەموو دێرانەی منیش وان.

## سۆناتای بێدەنگی خوێن
## کە شین دەچێتەوە لە ژەنیندا

بۆ ڕووناکی ئەحمەد موختار

خۆشا بۆ کوژراوەکانمان
ئەوە لە دوای ئەوە لە بیر دەکرێن
هەر ساڵە و هەندێکیان
وەکی بنەتۆ دەمێننەوە
لە شوێنێکدا، کە زوڵم دەیکێڵێ
زیندوو دەبنەوە.
ئەوان گەنمی دنیان.

خۆشا بۆ کوژراوەکان
خۆشا بۆ غەریبەکان بەدیار گۆمی خوێنەوە.
شەوێکیان.. میتاڵێک لە بێدەنگی، کە بەهرەی
پەیکەرتاشێکی شێت بە ئاراستەی نەخشی جوانییەک
کە هێشتا سروشت پەی پێ نەبردووە
لەسەر کورسییەکی چەرمی ڕەش
دەستی خەیاڵی خستبووە ژێر چەناگەی ئاڵتوونیی ڕۆژێکی دوور
ڕووناک کە باسی کوژرانی باوکی دەکرد
گرەوی لە مۆنالیزا دەبردەوە لە نهێنی سەر لێویدا.

بادەیەکی بەئاگا لە مەستی
بەیادی ئەنتیلیگنسیا کە پرۆژەی کوشتن شەڕی
لەگەڵ سێبەرەیان دەکرد
بەو یادەوە لە هەموو سەردەمانێکدا.. نۆش.
مەملەکەت لەو شوێنە گەنیووە
زەینم لەو کەرخ و ڕۆخانە تەنیووە
ماخولیا پڕە لە شەپۆل تا کوێ
دەجووڵێ دنیا بەرەو هەڵدێر
گیر بووە لە جەستەی سیزیف چمکێکی.
هەڵمی بێدەنگی دەنیشێ لەسەر مێزەکەی نێوانمان
مۆمێک دادەگیرسێنێ ڕووناک
دێتەوە یادمان ئەو شەوەی سیروان
متمانە بە ئاویش ناکرێ لەناو قەومێکی یەخسیردا.

به نیازی ئازاد پەنجە لەو هەڵمە دەگێڕم
کوژراوەکانمان... ئاگری ئەزەلن
ئەو خۆرەن کە ناتوانن ئاوا بن
دەمێننەوە لە ڕوحدا.

تەوژمی مۆسیقا گەرم دەکا هۆڵ
سەمایەک لولمان دەدا
هەریەکە و لەگەڵ تەنیاییی خۆیدا
هەورێکی بەگزادە بەسەرمانەوەیە
دەبارێ ئەو کاتەی وشکایی
دەستی خستووەتە بینەقاقای باخچەوە
باغ دەپشکوێ لە حەژمەتی شیرین بووندا
خونچە دەبێ دەم بکاتەوە بۆ بێلانەیی پەپوولە
وا بێنە بەرچاوی خۆت ڕووناک، ئەمشەو کۆتاییی دنیایە
نە هەڵەبجە وێران بووە و نە ئەحمەد موختار کوژراوە.

له نیگایەکدا، گومان پیلان دەگێڕێ
خوێن بەخوێن ناسەنرێتەوە
تۆڵە لە چی دەکرێتەوە؟
هەتا دێ مەنتیقی ئەڤین پەرە دەستێنێ
تەسلیمی دەبن هەموو بە دڕک و داڵیشەوە
ئای لەبەرئەو شەوەی ڕووناک و ئەو ئیلهامەڕەنگینە
سەرچاوەکەی برینە.

شەوێکیان، من و ڕووناک پێکەوە بەیانمان کردەوە
ئەو لە لەندەن
من لە سلێمانی
هەر یەکە و لە سپێدەیەکدا.
ئەو خەونە هەر وازی نەهانی
هەر هاتەوە بە گژماندا
ئەوەی مۆمێک دەتوانێ بیگێڕێ ئەفسوونە
هەر وابووە ئەم گەردوونە
بلیمەتێک دێتە پێشەوە، بەرۆکی دەگرێ
خۆشا ئەو کەسەی توند دەستی بەیەخەی دنیاوەیە
خۆشا ئەو ئەڤین و ئەشقەی بەسەر گۆمی خوێنەوەیە
بەری ناگیرێ بەهیچ
توندوتیژی کە دەنووسێ پێیەوە دەبێتە نەخشی
ئەوەی نیشانی دام ڕووناک لەسەر لەوحی ساف و لووسی
نەخشی ئەحمەد موختار جاف بوو
شیعرێکی تازەی دەنووسی.

## گێڕانەوەی ڕۆژێک لە ساڵێکدا

"ئەو شوێنەی قفڵی گەورەی پێوەیە
شتی گرانبایی تێدایە.."
جەلالەدینی ڕۆمی

هەموو ڕۆژەکان لە کوپەی ساڵێکدا
تامی ئەو ڕۆژەیان هەڵدەگرت
کە لەگەڵ سێ نەفەری نەناسراو
بەقەمەرەیەکی کۆن
لە هەولێرەوە چووینە ڕواندز
نەمدەزانی ئەو سەفەرە چەند درێژە دەکێشێ
نە جانتایەکم پێ بوو نەهیچ کەلوپەلێکی پێویست
بە سەڵتی.. خەونێکی باریک دەتوت زریزەیە

خشەخشی دەهات بەدوامەوە
شۆڕش دەبێ چی بکا؟ ڕزگارم بکا بەر لە هەموو شتێک
لە دەسەڵاتی خێزان و
لە دەسەڵاتی دەوڵەت و
دەسەڵاتەکان...
ئەقڵم بەوە نە دەشکا هەموویان بژمێرم.. لێم تێک دەچوو
سەرلەنوێ دەمژماردنەوە
دەسەڵاتەکان زۆربوون
لە پێشی هەمووشیانەوە
شەرمی من بوو
کە بووبوو بە بەشێکی زیندوو
هەر ڕۆژەو بە تەرزە شکستێک دەردەکەوت
هەر جارەو بەهرە و توانایەکی دەکوشتم
خەریک بوو لە داخیدا دەمردم.

ئەو ساڵە زەمەن خۆی هەڵدەکەنی لە بەردی کارەساتەکانیدا
چاو خۆی هەڵدەگرت بە پشتی فرمێسکەکانی
ئەسپێک سمکۆڵی دەکرد لەتل خواردنی سواری
گوڵ بۆنی پەرت دەکرد لە شیوەنی باخچەکانی
بەو شێوەیە چوومە کوێرەدێیەک
پێیان وتم، کەسێک لەوێیە زۆر لە تۆ دەچێ!
کانیلەیەکی ڕووناکیم بوو بەهاوڕێ
لەو ساوە بۆ کوێ چووبم بردوومە لەگەڵ خۆم
سروشت بەرانبەر ئازادی
ئەو ئیلهامە ڕوونەی خۆی
دامێ.

## سەمای ئەجندان

هیچ نابینم بەدارەکانەوە لە سەمای میوەدا
هیچ نابینم لە ئاگردا کە شیوەنی خۆڵەمێشە
فڕینی ئاوازێکی تۆقێنەر.. کوللەیە لە هەموو شوێنێکدایە
سڵ لە هیچ ناکاتەوە
هەرچی دێتە پێشی دەیخوا
ئەستێرە دەخوا، وەکی ئەوەی گیا بخوا
لووت و نەرمەی گوێ.. دڵ و گورچیلە.. زمان دەخوا
تەییارە بەهەموو تەدارەکی جەنگەوە
لەناو تاریکترین دەربەندا پەلامار دەدا
شار قەسابخانەیە لە ڕەنگە تۆخەکانی دەمار

له گۆشتی خاو.. ئێسک و پرووسک
ئای لەبەر سەما لە دەستی کوللەدا
باخ پڕە لە چقڵی قاچی مشار
سیمای یەکتریان لەلا بزرە گەڵا
فریای ڕەگی یەکتری ناکەون درەخت
منداڵی یەکتری تەفرە دەدەن چرۆ
هەریەکەو پێستی خۆی خستووەتە سەر ملی ئاژەڵ
توکیان با دەیبا باڵندە
لە حەژمەتاندا هێلکە لەخۆڕا دەترووکێ
بەدەنووکی بازێکی زەبەللاحەوە
بەنووکی شمشێرەوەن ئەو هەموو چرا شەرابییە لە ڕەزدا
ئەو هەموو مۆمدانە پڕن لە شەمێ
لە وادەی کوژانەوەدان

بیر پڕبووەتەوە بەبێئاوی
سەبەتەی سەرمێز کەوتووەتە پاڕانەوە
بۆ تامی خۆخێک.. هەرمێیەک.. هەنجیرێک
ئەو هەمووە تارمایین بەزاری کلۆوە
شیلەن مەییون بەقاچییەوە
هەڵمن لە سینەی
حەسرەتن لە چاوی
بابمان.. باپیرانمان.. نەوەکانمان
پەروانەی ددانەکانی کوللە دەیانهاڕن
ئەو سەمایە لەسەر ئاوازێکی نزم
مردنێکی لەسەرخۆ
بەڕەزمی ئەجندان
کۆتایی دێ.

## بەرزاییی زیندەخەو

شوێن هەوا لە بازنەی داخراودا هەڵدەمژێ

پەردەی گوڵ دەلەرێتەوە بەقورساییی ژاکان

ڕووبار سەرخۆشە دەلەنگێ

مردنی باکان

مردنی ماسی دەبینێ لە گۆڕی شەپۆلەکانییدا

لە بێکەسییدا گیای ڕۆخەکانی بەسوێیە ئاوازی خەمگینی

دڵی منیشی بەو دەردە بردووە.

سماقوولی هێلانەیە بەسەر باڵی ئاگرەوە

ئەو قەقنەسەکەی بەیەکجاری دەسووتێ؟

هەنووکە ئەو بەردانە بەپشتی هەسارەیەکی پەشۆکاوەوە
بە کەڵەکەی مندا هەڵدەچنێن
تەمەنی ئەم وڵاتە لە چاوی بەردەکاندایە
زەق تەماشامان دەکەن
ئەو هەموو پووش و دڕکە و داڵەیان لێ ئاڵاوە
شایەتی من چییە؟ کە باسی دڕک و داڵ دەکەم
هەر دەتوانم ببمە دار قەزوانێک بەدیاریەوە
دەنگم بنووسێ بەتوێکڵی ڕەقمەوە
هەرچەندی کۆشش بکەم ئەو نەرمییەی دەنکم دەرنەیێ
هەندێک جار لە خۆم دەپرسم، چۆن ببمە لافاوی
پەنگخواردووی ناو هەناوی
بێمە دەرێ بەتاوی ڕامالّین
ئەو جۆرە دەرکەوتنە، پڕۆژەمە
ئەو بارەگایەی خوا کە لەسەر زەوی دانا لەو سماقوولییە
ڕۆژی حەشری تێدا دەگیرێ.

## دەنگی مار

له کادینێکدا بیرم له پێغەمبەرایەتی مانگ دەکردەوە له تاقی
ئاسمان. شمشاڵێک دەیژەنی و شمشاڵ نەبوو
سەبایەک دەهات دەنگی کەس نەبوو
هەوای ڕوح بەناو قامیشکی چەمەکاندا دەگەڕا
دەتوت باڵێک لێکی دەدا
زەمەن کەوتبوو بەسەر شکستەکانیدا
ئەوە وەسوەسەیە کە هێزی خۆی بەمن تاقی دەکاتەوە

پێویستە دوو بەدوو دانیشین
لە ماڵی من غەریبتر شک نابا
لە من تاریکتر شک نابا
دارستانی لە من وەحشەتتر شک نابا
ئەگەر دۆستە دەبێ ئەوە بسەلمێنێ
فریشتەیە چووەتە کەوڵی نامرادی
یا پەیامە لە دەنگی سامناکییەوە ماری شک بردووە
دادوەرێک لە نێوانماندا.. دارێک بێنێ بەتخووبی گوماندا
ئێوارە ئەو هەموو دڵەڕاوکێیە دەگۆڕێتەوە بەشەو
خاک لە نائارامی گۆڕەوە ژیان تەسلیمی هەمیشەیی دەکا
پێویست دەکا، هەمان هەڵە دووبارە بکەمەوە؟
پێویست بە بەهەشت دەکا بۆ پێوەست بوون؟
هەوای پڕ لە غوبار دیمەنەکان ئاڵۆز دەکەن لە نهێنی
هێلکەیەکدا. دەبێ تووک دەربکەم.. قەپێلک بشکێنم
لە قۆزاخەی ماڵەکانەوە لەناو بێتاقەتی شەو بێمە دەرێ
بە پەیژەی تەنیاییدا بەرەوخوار داگەڕێم
تا بەرزتربم گرفت زیاترە.

دیمەنی پەنجەرەیەکی گریاو بە بەژنی دیوارێکی قوڕەوە
ئیلهام دەبەخشن بەهەورەکان کە لەو دۆڵە دەڵەوەڕێن
گوانیان شۆڕ بووەتەوە تا ناو زاری گەلی
ئەو هەورانە هەردەم گەنجن باران پیری کردوون
سەروڕیشی تەڕیان دەبینم بەدەندووکی پەلکەوە
لەبن گوێسوەبانەی لقێک دەیخواتەوە
یەکەم سروودی کەسکاییم دێنێتەوە یاد
چۆن دیلی کەوتبووە تۆڕی ئاوازەکانییەوە
تۆڕ کە پڕ بوو لە جریوەی خەونی باڵدار
باڵیان لێک دا ڕایان پسکاند داوی زۆردار
بەهەوای ئەو خولیایە
ڕێی ئازادی بێ کۆتایە

## گەنجینە

پەلکەزێڕینەی ئەو ڕۆژانەی دێن
خوێنی وەچەکانن باران لێیان دەدا
باوەشم بۆ بکەنەوە ئەی ژنە ڕەنگینەکانی هەتاو
بەو هەموو هێشووە کە ئێستا خەریکن پێ دەگەن
لەناو کووپەی تامەکانی خواوەندییدا .

له گەلگامێشەوە تا نوح هەر ئاو هاتووە بەفریامانەوە
ئەو ئاوە ماسییەکی تێدایە، ناوسکی هێندەی دەریایە
ئەو دەریایە ئەنگوستیلەیەکی تێدایە
لە سلێمانەوە ئەو ئەنگوستیلەیان بادایە
لە خۆشناوەتی ئەو ماسییەیان دۆزییەوە
ماسییان هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد هەمووی پوولەکە بوو
خوا مەیلی لەسەر نەبوو
ماسی لەبن دەستمان دەرچوو
خەونی دەربازبوون دەمهاڕێ لەبن ددانی
باوەشم بۆ بکەنەوە لە ئێوارەی هێماکانی زەردبووندا
کە وادەی پێگەیینە
ئەو برینە گەورەترە لە تەمەن
ئەو چڕینە بەخرۆشترە کە دنیا خۆی ئامادە دەکا
کۆت و بەند فڕێ بدا

ئەو پەلکەزێڕینەیە هێمایە بۆ دەرکەوتنی ڕۆژێکی خۆش
زمانم کۆڵەگەیەتی
بڕوخێ دەچەقێ لە سنگم
زمان شەڕکەرێکە لە پشتەوە ناپێکرێ
ئەو یارییەش گەمێیە سەرخۆشە بەشەپۆلی
کەفی سەر ڕووی لادەبا
لە بەندەنێکدا گوریسم دەکەمەوە بەرەو قووڵایی
بڕیارم دا هەتا بمێنێ ببم بە مەلەوانی
چ پێویست دەکا کەس ببێ بەپاسەوانی؟
چ قفڵێک لە دەریا دەدرێ؟ ئاو پڕە لە شتی گرانبایی
بەو هەموو کەنارانەشەوە
کراوەیە.

## جیلوە

کاتی درویّنە گوڵەگەنم
کە مردن هات ژیان پیّ دەگا
میوە کە پیّگەیی
ئەوجا دەکەویّتە خواریّ
وەرزەکان فلّچە دەوەشیّنن
نەرمین پیّی وتم ڕەنگەکانیان لە جاجمی کوردییدا
کەچی قەرەنی بەجۆریّک لیّکی دایەوە
ڕەنگە جادووکەرە سیحربازەکە
هەریەکەیانی لە دوورگەیەک هیّنابیّ

ڕەنگ بەخۆڕسک دروست نەبووە
تەواو پێچەوانەکەشی ڕاستە
ناوی خۆی لە ڕەشەوە هاتووە
کاکەڕەش سوورێکی کەڵەگەتە
سروشت بەو شێوەیە ڕەنگەکانی هێناوە
تا نەبن بەچاوەوە
ڕەش بەو هێندەی کە هەیەتی بێ سنوورە
هەندێکی خۆی داوەتە شەو
ئەو هەموو ڕووبەرە زۆرەی پێ ڕەنگ کراوە
ئەی گۆمی ئاوازی مەزەدار!
ئەی شەوی پڕ لە ڕەنگی هەزار!

زارم ناوە بەگۆی مەمکی ئەو گۆمەوە
تا پیاڵە پڕ دەبێ لە شیری قەرسیل کە ڕەنگی گەنجییە
یا ڕەنگی پیریی کە هەموو شێوەکان بزری دەکەن لە خۆیاندا
ئەو کات ستەمکار و ستەملێکراو
لەبن هەمان سێبەری دار کە هەردووکیان دەتوانن
لە بەرەکەی بڕنن، یا ڕووبار
کە هەردووکیان وێنەی خۆیانی تێدا دەبینن
دەتوانن عاشقی خۆیان بن
ئەنجام ڕەنگەکان لە یەکتر جودا دەبنەوە
کە یەکیان دەتوانێ خۆی هەڵداتە ناو ئاو
ئەوی تریان دەسڵەمێتەوە.

جیلوه ئیکسیره.. دورچه
میهره، گوڵبەنه، زەنوێره
شۆرەکه، جارِسکەره، تۆخه
پزیسکه، زەندۆڵه، تاوەسووته
دوو دژه بەتەنیشت یەکەوه
یەکیان بەهۆی ئەوی ترەوه دەبینی
شاعیر لەو نێوەندەدا نەیلۆفەری ناو ئاوه
حوشترالووکی جێی قاقڕ و تاوه
گاڤێ ئەمه گاڤێ ئەو
ئالوودەم بەدەستیانەوه
ڕووبەڕوویان ببمەوه نەک تەسلیمان بم.

## ١٩٧٤

ناوێک هەر جارەو نووساوە بەژمارەیەکەوە
ناو زوو لە بیردەچێتەوە
شوێن لە بیرناکرێن
گۆڕ دوا پێوەندیی شوێنە کە تۆزی لێ نانیشێ
مردن نە پیر دەبێ نە سامی دەشکێ
هێز لەو قاییمەی ئەو وەردەگرم
بۆ وەسفی لە خاچدراوێک
کە بەرگەی ئەو شەوە درێژەی گرتووە
ئەو هەموو ساڵانە تێ پەڕیوون ئەو هەر بەسەر دارەوەیە
ئەو ئێوارەیە هەر نەبڕایەوە؟

ئەوە چ خواوەندێکە میللەتی خۆی جێ هێشتووە بەسەر خاچەوە
دەستی کوڕەکەی خۆی ناگرێ بهێنێتە خوارێ
ئیلهام لە ئازاری ئەو وەردەگرێ
چ هەوایەک دەتوانێ ئەو هەموو بۆنە پەرت بکا
پەپوولەیەک دەبینم هەموو بەیانیان تا دەمەوعەسر
لە دەوری تەماشای ئەو کەسە دەخولێتەوە
باڵی دەدا لە سەروڕیشی
شیلەی برینی هەڵدەمژێ کە پڕە لە بۆنی هەلاڵە
خاک پڕ دەکا لەو تۆوە لەو بۆنە
هەر لە حەسارۆستەوە هەتا شوێنێک هەیە بانگی دەکەن
ولات.. مەنجەنیقە
بەسەر لێوی ئاگرەوە ئەو پەپوولانە دەسووتێن
زنجیرە بەملی ڕەوە مامزەوە قەفی بەستووە لە ئاگر
کاروانی دۆزەخ گەیشتووەتە کوێ؟
لەبن هەر بەردێک شۆڕشێک لە کتێبێکدا دەسووتێ
لە هەر گۆڕەپانێکدا حوکمڕانێک ئالای دادەگیرێ
لەگەڵ خۆڵەمێشدا چ دەکرێ؟
کە ئالا ملی کەچ کرد چ مانایەک دەمێنێ بۆ شەکانەوەی؟

## ڕواندز – چۆمان

هەگبەی تەمەن بەچڕنووکی بازێکەوە
دەیگێڕا لەم یاڵەوە بۆ ئەو یاڵ
بازنەکانی هەوا پڕبوون لە خەمگینی
باران دەهات و دەیویست دڵنیام بکاتەوە
بیرەوەرییەکی کۆنی دەهێناوە یاد
ئەو ڕۆژانەی لە هەموو لایەکەوە شەپۆل
لە دیوار و بناخەی ماڵەکەمانی دەدا
ئێمەش.. دەرگەو کونی زێرابمان بەگونیە و کۆنەپەڕۆ
دەگرت. نە دەترساین، ئاو لە دیوارەوە بێتە ژوورێ
دار و پەردوو بەسەریەکدا بخا
باران گایەک بوو قۆچی لە جێ برین دەدا

شەڕکەرێکی ترسناک لەوانەی توانیان تەروادە بگرن
هەتا بەسەر پشتی ئەسپەوە بووم لێی نەدەترسام
کە گلام.. گایەکە بەرقۆچی دام.
بەدۆڵێکدا هەڵدەگەڕام یەکەم جارم بوو دەمبینی بەو ڕەنگە خۆڵەمێشییە
لە ئەشکەوتێکی قەراخ ڕێ.. دوو سێ هاوڕێ
شوێنیان خۆش کردبوو.. لە ترسی فڕۆکە و تۆپباران
نانیان لەوێ دەخوارد، لەوێ دەنووستن
لەناو مەتر و نیوێک چوار گۆشەدا
هەر بۆ خۆشووشتن دەچوونە سەر چەمەکەی بەردەمیان
ئاویان لە تەنەکە و مەنجەڵ گەرم دەکرد
کە دەنگی فڕۆکە دەهات دەبوو بەپەلەپەل ئاگرەکە بکوژێننەوە
دووکەڵ نەمێنێ
چەند شەوێک بوومە میوانیان
لەبن بەردێکدا نایلۆنێکی کۆنم دۆزییەوە
دەفتەرێکی بەرگ چەرم و گوڵێکی تێدابوو
گوڵەکە وشک بووبووەوە بۆنی هەر مابوو
ئەوەی دەگێڕمەوە هەمووی لە دەفتەرەکە نووسرابوو.

**گوندی...**

ناوی گوندەکە بەزەحمەت دەخوێندرایەوە
پیتەکانی توابوونەوە سروشتیان لە هی بەفر دەچوو
"م" و "ن"نێک دیار بوو
پیتێک دەتوت شاخی حەیوانە کێوییە
دوو جار قەفی خواردبوو لەسەریەک
ڕەنگە ئەو گوندە ناوی (مانگ) بووبێ
نێوانی میم و نون بۆشایی بوو دواتر
نەدەخوێندراوە ئەوەی نووسرابوو
میم و نون هەمیشە زەحمەتیان لە پێشە تا دەگەنە یەک
لەبەرخۆمەوە ئەوەم وت.

ماموٚستای گوندەکە ناوی زێڕۆ بووە
وێنەی ڕۆژێکی لەسەر ناوی خۆی کردووە
بەو مانایەی خۆرپەرست بووە یا هێمایە بۆ ئەوەی
دیدالۆسە دەفڕێ بۆ لای خۆر!
سوپاس بۆ بەرد ئەو دیارییەی لەو شوێنە دوورە دامێ
لەوساوە کەوتمە خولیای ئەو دەفتەرە سو کەوتمە داڕشتنیەوە
گوڵە چی بوو؟ نەمتوانی نهێنییەکەی بدرکێنم کەوتمە داوییەوە.
زێڕۆ دەنووسێ: لێرە خەڵکی مانگ دەدۆشن
بەپەنجای کریستاڵ
ئەو شیرە تریفەییە دەخۆنەوە
لە جامی زمڕووت

لێرە هەر کانییەو هەر بەردەو هەر قانەزەوییەک
ناوی خۆیان هەیە: کانی زولێخا، هی سەردەمی یووسفە
لێرە سەری دەرهێناوە، یا ژنێکی گرفتار بوو بە عەشق
لێرە ژوانی داناوە
ئاوی شمشاڵ هی ئەو یاڵە نزیکەیە، دیارە ئەو ئاوە
ژەنراوە نەڕژاوە
کە بچییە نزیکییەوە گوێت لە هەناسەی ئەو کەسە دەبێ
کە فوو دەکا بەدڵی یدا
هەڵدەچێ قوڵپی لە سینەی کون کونیدا
پێ دەچێ بوون سەرەتا لێرە دڵێک بووە
یاخی بووە لە خێڵ، گرێ دراوە بە کێوێکەوە
بەو بەرزاییە هەڵگەڕاوە
لەناو بەفر و کڕێوەدا ڕەق بووەتەوە..

له خوارەوەش قانە زەوییەک هەیە ناوی نێرگزە
دەڵێن جێ جەستەی ژنێکە لەوێ کوژراوە
لەو ساوە هەموو بەهارێک ئەو شوێنە خرۆشاوە
وەجاغی کوێر نەبووەتەوە
هەر نێرگزە هاتووەتەوە
ئەوەی دەیانبینی ئەی خوێنەر! لەناو ڕستە و سەرەڕێ
لەناو گڵێنە و هەرجێ لەو دەفتەرە خەمگینەدا
نەوەی ئەون
کەس لە بۆنیان تێر نابێ.
لەو شوێنە قافیەم شکاوە
ئاواز و جڵەوی لەدەست داوە
وشەی چیکڵدانە تەسک خۆیان لە قۆپی هەڵدا
شیعر کەوتە گیانەلا و جەزبەلێ یدا.

## ئاسیاو

لەناو دارچنارەکاندا ئاسیاوێک دەگەڕێ
شارازییەکی ئەوتۆم لە باراش و
جۆری گەنم و لێکدانەوەی شەوانی ئاشەوان نییە
هەر هێندە دەزانم کە گەنم یەکەم جار فرمێسک بووە
پیاوێک چاندوویەتی لە دڵی ژنێکدا
ئەویش هەتا هاتووە کردوویەتی بەنان
شەوانی برسییەتی بەو نانە تێر بووە
لەبارەی ئاشەوانیش بەبیرم دێتەوە
ئەو ڕۆژەی هەڵواسرابوو بەحەواوە
پەروانەی ئاسیاوەکە لە شوێنێک وەستابوو

دەتوت کاتژمێرە میللەکانی گیر کردووە لە جەرگی زەمەندا
سەعات شەشی ئێوارە بوو
خەیاڵ برسی بوو بێچووەکانی خۆی دەخوارد
ئەو هەموو خوێنە کە بەشی جۆگەیەکی دەکرد
لە گۆمێکدا پەنگی دەخوارد
لە قەدی چیاوە هەر سێبەر و تارمایی بوو دەهاتە خوارێ
کەس نەبووبووە برای کەس
کاروانی گەنم لە کوێوە هات و بۆ کوێ چوو؟
جەنگ باڵی نووشتاندبووەوە باڵندەیەکی گۆشتخۆر بوو
بەسەر کەلاکی میللەتێکەوە
ڕووبار بەتەنیشتیدا لەسەرخۆ ڕەت دەبوو شەپۆلی نەبوو
هەرچەند دەمکرد شین نەدەچووەوە ڕەنگی جارانی
بەهرەیەکی ئەوتۆم نەبوو شایستەی پلە و پایە بێ
هونەری شیعرم بەو ئەندازە نە خەملیبوو
پەلکەزێڕینەیەک هەڵدەم
بۆ گەورە و بچووکی بسەلمێنم
ئەو ئێوارەیە دوا ئێوارە نییە
دوا ئێوارە نییە
دوا ئێوارە.

## دەفتەرەکە

لە کێڵگەیەک دەچوو باڵای ڕووەکەکانی قولانجێک زیاتر هەڵنەچووبێ
یا تەبارەیەک گوڵە گەنمی ملیان شۆڕ بووبێتەوە لەبەر نەخۆشی
سفرەی ئەو وەرزە پڕ نەبوو لە میوەی جۆراوجۆر
لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسرابوو:
پلکە حەنیف چێڵەکە دەدۆشێ
ئەو شیرە بەشی ژەمێکمان دەکا
بەو هەموو غەریبەوە کە ڕووی کردووەتە گوندی
ژیان سادەترە لەو مۆرووەی بەملی چێڵەکەوەیە
یا لەو ئەنگوستیلە زیوەی
بەپەنجەی کابانەوەیە
هەریەکەو دڵۆپێک.. هەر هێندەی زارمان تەڕ بکا
شۆڕش بەو قوربەسەرییە بەڕێوە دەچوو.

ئازادی شتێک نییە لەناو سندووقی مەحکەمدا
لەناو قاپی پلاسکۆو جامی چینکۆ و پەرداخی نایلۆندایە
ئەو وەسفە هی زێڕۆیە
باڵندەیەک ئاو لەناو قۆرتی سەر بەردێک دەخواتەوە
ئەوە منم بەو سادەیییە پڕ بەباڵی خۆم دەفڕم
هەتا دەمرم.

زێڕۆ لەو کێوانەدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا هی کەس نەبوو
لەسەر بەرد و لەسەر خۆڵ و لەسەر دەرگەی کۆن
سەروسیمای ئەو کەسانەی دەدۆزییەوە
کە مێژوو لە جەنگەکانییدا کوشتبوونی
پاشماوەی مشتی بەهێزیان بەسەر دەسکی خەنجەر و
قۆناخی تفەنگەوە بوو
خودایە! کاری پیاو هەر لەگەڵ چەکە
دەسکی هەوجار و پێمەڕە و هەتا دەستی ژنەکەشی
هەر بەچەک شوبهاندووە
بۆ ئەو مەبەستە پشتی پێ بەستووە
بڵێسەی ئاگر و شۆڕی ناو قاپی مس و ئاوێنەی جیوە و
بەرماڵی نوێژ و شانەی ماڵ ڕێکخستنیش هی ژن بووە
زێڕۆ دەگەڕا لە پاشماوەیان
لە شارێکەوە هاتبووە ئەو کوێرەدێیە
پیرەمێردێکی چیانشین لەسەرەمەرگدا
فێری خوێندنەوەی خەتی باو گێژەڵووکەی کردبوو
لە پرچی کچەکاندا
فێری دۆزینەوەی هێما و هێڵی داهاتووی کردبوو
لە لەپی پڕ چورچ و لۆچی ڕابردوودا.

توانا و سەلیقەی زێڕۆ زۆر لەوەی تێ پەڕاند
کە تەماشای چرایەکی دەکرد دەیزانی کەی دەکوژێتەوە
ناو بیری دەپشکنی بێ ئەوەی بچێتە خوارێ
ئەودیوی شاخی دەبینی بێ ئەوەی سەرکەوێتە سەری
چاوی بێ سنوور دەکرایەوە
گوێی هەتا هەتا دەکشا بۆ خڕکردنەوەی دەنگەکان

بەوانەشەوە کە نەدەبیستران
لووتی بۆنی ئەستێرەی دەکرد
هی فینۆس بۆنی ترێ بوو
هی زوحەل بۆنی هەرمێ بوو
شەوێکیان لە کووپەی خەیاڵێکی سرکەییدا
ئەو بۆنەی دۆزییەوە
یەکەم جار هی گۆی مەمکی ژنێک
کە لە تەنیشتی خەوتبوو
ئەو بۆنە شاتوو بوو بەپەنجەیەوە نووسا
حەفت شەو و حەفت ڕۆژ لێ نەبووەوە ئیلهامی
خستییە ناو پەرداخێک پەرداخ پڕ بوو لێی
خستییە ناو کوپە کوپە پڕ بوو لێی
لەو کوپەیەدا ئەو ڕەنگ و ئەو تام و ئەو بۆنەی
لەگەڵ هی مەرگ تێکەڵ کرد
ئەو کاتەی ژیان ڕادەپێچێ بۆ ناو مێرگێکی کێوی
ڕووەکەکانی هێندە باش دەڕسکێنێ
بەزەحمەت بەناویاندا بڕۆی
سێ مانگی زستان ئەو کوپەیەی دانا

هەموو شتێک لە ناویدا پێگەیی
جەنگەکان تەواو بوون بەسەرکەوتن و شکستەکانەوە
جەنگاوەرەکان بەدیار کووپەکەوە
باڵندەکان بەدیارییەوە
کە بەهار هات سەری کوپە کرایەوە
مەملەکەتی بۆن حوکمی زێڕۆی تێدا دەگێڕدرا
مەملەکەتی ڕەنگ
مەملەکەتی تام
زێڕۆ بووبووە حاکمی هەرسێکیان
گوڵ لەو شوێنانە شین بووبوون
کە دڵۆپێک بەبێ مەبەست کەوتبووە سەر زەوی
گوڵی وردیلە هی کێوی
پەڕ گەورە و هی باریک
لە ماوەی ئەو ساڵەدا.. زێڕۆ ببووە ئەفسوونی سەرزاری هەموو
هەتا کوپەکە بەتاڵ بوو.

## کێڵگەی یاقووت

شەڕ لە پاسێک دابەزی
جانتایەکی ڕەشی بەکۆڵەوە بوو
لە تارانەوە گەیشتە حاجی ئۆمەران
سەعاتێکی بەمەچەکەوە بوو
پەلەپەل میلەکانی دەسووڕان
کیشوەرێک بەپشتی عارەبانەی بەرژەوەندییەوە
لە بەرزاییەوە غلۆر کرابووەوە

هەر دەڕۆیشت و پارچەیەکی لێ جیا دەبووەوە
کە گەیشتە لای من هیچی نەمابوو
پێچکەکانی بەسەر برینەکانمدا ڕۆیشتن
ئەو هەموو خوێنە یاقووت بوو بەهەرزان فرۆشران
پاشماوەی تفەنگەکان
پاشماوەی شەوەکان
پاشماوەی ماڵ پاشماوەی کتێب
پاشماوەی جەنگەکان
هەتا ئەو بەردە تیژەی بەدەستی قابیلەوە بوو
بۆ کوشتنی براکەی.. هەموویان لەوێ کەوتبوون لەسەر زار
کاهینێک دوعای لەسەر دەخوێندن:
خودای نەعناع و سینزانۆ!
خودای شین هی مەتا هەو خۆڵەمێش!

تیرەکان دەگەیشتنە قرتاجنە و دەگەڕانەوە
شێرەکان پەلاماری تەروادەیان دەدا و دەشکان
گەمژەیەک پێ دەکەنی بەفلورەنسا
دەبوو جەنگەکان بەو تراژیدییە کۆتاییيان بێ
گوڵەبەڕۆژە پەرچەم پەرچەم لادا بەو پەرچەم لادانەوە دیاربوو
بەڕەنگی تۆخی بەیانییەوە دیاربوو قەت بەیانی هێندە تۆخ نەبووە
بەو ئەڵقەیە دیاربوو کە کرابووە گوێی خاکەوە
خاک هەرگیز ئەڵقە لە گوێ نەبووە
ئەوانە هەموویان گەواهییان دەدا بۆ تەسلیمبوون.

پەیکەرێک پلووسکە بەردی دەگرتە ڕێبوار
داری باوی لە حەژمەتاندا شەق دەبوو
هەڵووژە کە تازە نوێژیان دابەستبوو
لە شوێنی خۆیاندا ڕەش هەڵگەڕابوون
لە خوێنی خۆیاندا گەوزابوون
ئەوانە هەموویان نیشانەن
ئەندێشە لاسکیان لە وادەی شینبووندا وشک بووە
دامێنی ئەو لاسکە لە کوێوە بدڕم؟
لە دۆخی فڕینەوە چۆن بچمەوە دۆخی خشۆکی
یەخەی کێ بگرم؟

لەو دوورەوە کێڵگەی یاقووت لە بەر مانگەشە و دەدرەوشاوە
بازاڕی موسڵ دەگەڕێم هی تەورێز و کرمان
لە عفرین کڵاوێک دەکڕم بۆ بەڕووی زمان
سەربازی قافیە جلی خاکی فڕێ دەدەن
شمشێری ئاواز دەچەقێ لە هەناوم
ئەو شیعرە هی سەردەمی کوژاڵکە
لەوپەڕی تفتیدا
دڵم فریای ئەو هەموو تاڵییە ناکەوێ
چی شیرین بکا ئەفراندن
کە لە کاتی هەڵکشاندا چەند قەترەیەک شیلەی لێ دەڕژێ
دەزانم بۆنی مەملەکەت بەلووت هەڵناگیرێ
دەیکەمە باوەشەوە
ئەو هەموو خاکەم شێلا تا نووسام پێیەوە
بۆنی ئەو هەموو چرایەم تێدا کوژاوە کوا بۆنی یەکەم چرا؟
کێڵگەی یاقووت لە دەرێ نەما
لە ناوەوە جێگەی خۆش کرد
منیش بەو کەسە شاد بووم کە دەگەڕام بۆی
زێڕۆ کە هەموو یاقووتەکانی گواستەوە
هەموو بۆنەکانی لە شووشەی وشەدا خڕ کردەوە
تەسلیمی منی کرد ئەویش مرد.

## کۆتاییی دەستنووس

ناوی ئەو گوڵە، ئەو نووسیوویەتی: زولێخایە!
ئەو ناوە مەجازە، زێڕۆ دڵنیابووە دوای سیسبوون
تەمەنی دەگەڕێتەوە
لەلای من دەگەشێتەوە
ئەو بۆنەش هی ڕۆحیەتی
هەتا هەتایە دەمێنێ
نەک هلی لامل و گۆی مەمکی
یا هەر شوێنێکی لەشی
کە خاک لە دوا دیداردا لە خۆی
بەو بۆنە دەناسرێتەوە
گوڵ ناهێڵێ لە بەهەشت دوور بکەوینەوە
بەتایبەتی زولێخا
گەورەترینماڵی خودا.

لە ڕستەی دواتردا نووسراوە، ئەوەندەی زاین
کە دەکاتە ساڵی بۆنە گەورەکە
شووشەکان پڕ بکەن لە عەتری بەفرنووس
خوێنەر دەتوانێ بمبینێ لە پەنا پەڕی گوڵەکە
لەسەر پشت پاڵ کەوتووم
تریفەی مانگێکی نیوە مۆر لێم دەدا

شیرێکی پاک لە لاسکی گوڵەکە دەڕژێ
دەیداتە بێچووە فڕندە و
کەمتیار و ڕێوی
دەیداتە مار و مێروو
دەیداتە هەموو
چ فەرقی نییە بڕبڕەدار و بێ بڕبڕە
زماندار و بێ زمان
پشت ڕەق و لەش شل و لینج
عەیبدار و بێ عەیب
ئەفسووس حەرفەکان پیربوون هی دەستنووس
لە هەندێک جێگەدا داوی برۆ
یا تاڵی پرچ هی کامیانە، زولێخا یا زێڕۆ
چەند بە تاسووقە دەگەڕا هەوری مانا
ئاوس بوو بە خولیا پڕ نەشئە
ئەگەر کەموکوڕییش هەبوو
ئاگر دەتوانێ بەسووتان لێی ببوورێ.

لە یەکچوونی من و زێڕۆ گریمانەی دەرکەوتنی هەردووکمانە
لە پشت هەسارەیەکەوە
کەلووی هەردووکمان شێرە
ڕەنگی هەردووکمان تاریکە
ئەگینا جیاوازی زۆرە
ئازادی لە پشتی بۆنی زێڕۆوە گەیشتە مەملەکەت
بەپشتی منەوە هەر وشە بارە
کووڕبوومەتەوە ئەوەندەی بیانگوازمەوە
لارە لار ناگەمە هیچ کوێ.

له دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا زێڕۆ زیندووە لە مندا
من زیندووم لە کوێ؟
سوپاس بۆ ئەو ڕۆژە کە پەرت بووە لە ساڵێکدا
یا ساڵێک کە خۆی گرژ کردووەتەوە لە ڕۆژێکدا
هەردوو دەستەواژە دروستن:
ڕۆژی ساڵ
ساڵی ڕۆژ
سوپاس بۆ دۆڵی خۆشناوەتی لانکەی یەکەم
لایلایەی تەنیاییم
بۆ دۆڵی باڵەکایەتی یەکەم مەیدانی
ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ سروشتدا
بۆ ئەو ساڵە کە دەکرێ ناوی برادەرێکی لێ بنێم:
ئەرسەلان..
شۆڕش لەناو گەردیلەی هەوادایە
هەستیشی پێ نەکەین هەر دەخولێتەوە
ئێمەش هەڵی نەمژین
پەپوولەیەک هەڵی دەمژێ
ئەوسا دەوترێ شۆڕشی پەپوولە
کەس لەو شۆڕشە پەشیمان نابێتەوە
کە حوکمیش بگێڕێ ئەو هەموو ناعەدالەتییە بەرپا ناکا.

## تەقینەوە لە بێدەنگیدا*

کەڵەشێری کلک هەڵکێشراو نیم، بێ نموود خۆم دەرخەم
لە بەرزاییەکەوە کە ئاسمان کێشاویەتی
بۆ کرانەوەی بەختم بە ڕووی زەماندا
تەماشای شار دەکەم
هەتا چاو بڕ دەکا فرمێسکە لە لەعل و مەرجان
بە گۆنا و لاملی عاشقانەوە
هەزارانی وەک من لەیەک لاوە گرفتارن
ڕێبوار و گەڕیدەی سەرگەردانی شەوی تارن
شازادەی ئەڤینیش، نەخۆی لە گرۆ دەبا
نەئاوڕ دەداتەوە

* تێبینی: هەندێک ڕستە و دەستەواژە و پەندی کوردیم لەم دەقەدا بەکار هێناوە، خوێنەر بەئاسانی بوونیان دەناسێتەوە.

بەوپەڕی فیزەوە لێمان دوور دەکەوێتەوە... سلێمانی.
دوای ئەو هەموو جەور و جەفایە
خۆڵ دەکەمە دۆشاوی خۆم
لەوپەڕی یاخیبوون لە رابردوو
لە گەرداوی بێ ئامانی ئێستا و داهاتوو
ماڵئاوا.. ئەی سلێمانی!
خۆڵ بەسەر شاری بێ حاکم
خۆڵ بەسەر شاری بێ وەفا
خۆڵ بەسەر شەیدای بێ بەهرە
خۆڵ بەسەر...

چۆن دڵت هات پشت بکەیتە چەهرەی ئێمە؟
بێ باک بڕۆی؟
لە دوای ئەوەی ئێرەت لێکردین بە دۆزەخ.. کوێ دەمێنێ؟
دەست لە یەک بەردەین بە قەولی عاشقانی نامراد؟
بابمێنێ شەرت و پەیمان... وەکی چی؟
(پایزە برا مەرحەبا!) نەک ئەم جارە
هەموو جارێک دەموت، ئەمن لە باتی ماڵێک دووانم هەیە
لە جیاتی شارێک دووان
کلیلی دوو دەرگەم پێیە.. یەکیان هەمیشە خۆم دەیکەمەوە
خۆشم دایدەخەم لەسەر خۆم
چەند ڕقم لەو دەرگەیەیە.. کە جارێک دەستێک نەیکوتێ
یا یەکێک نەیکاتەوە بە سەد ترس و دڵەکوتێ.

دەربەستی دۆشەک و بالیف و بەتانیم
دەربەستی کتێب و کاغەز و پاندان و مەرەکەب
دەربەستی ڕەشەبای سلێمانیم!
چا نییە ئەویش جار جار دەستی بەزەیی دەهێنێ
بەسەر پرچ و لا ڕوومەت و چاوی خومار
دەمێکە من و ئەو بایە برادەرین
لەگەڵ ئەو کوڕە ڕەشتاڵە پێکەوە کۆمەڵە بووین
ئەو دەمێکە خەریکی ئەو بەزمەیە
دۆستی گیانی بە گیانی ئەو خەڵکەیە.
دەزانم سلێمانی پەنای داوم ئەو کاتەی بێ لانە ماوم
– ئەو چاکەیەشم هەر لە بەرچاوە –

ماوەیەکی زۆر لە ژێرزەمینێکدا جێگەی کردمەوە
سوپاس بۆ شێ و بۆدڕی دیوارەکانی
کە منیان دەبەستەوە بە ماڵە هەژارەکانی
دەزانم ئەو چاوی منی کردەوە لە ئاستی دنیا
سوپاس بۆ هەر دیمەنێکی نیشانی داوم
سوپاس بۆ هەر وشەیەکی پشکوتووە لەسەر زاری سووتاوم
سوپاس بۆ چایخانەی شەعب کە زۆر جاران
لە تەنیاییدا لای خۆی دایناوم
سوپاس بۆ ئەزمڕ و گۆیژە بۆ سەرچنار
سوپاس بۆ شەقامی سالم بۆ فولکەی دەستەکە
هی کانی ئاسکان
بۆ یەکەیەکەی ماڵەکان.. کە هەریەکە و دارێکی
بۆ لەسەر بەردێک داناوم
تا جوانی ببینێ چاوم
بەڵام نازانم بۆ هێندە بوغرا بوو
هەر زوو دنیای بزر کرد لێمان
هەر خۆمان و خۆی ماینەوە
خۆشی ئاوای کرد پێمان.

دەزانم ئەو زۆر برادەری پێ ناساندم
کوا وەفایان؟
دەگەڕێم بە دوایان
هەموو شتێکیان بەڕەوا دەزانی بۆ خۆیان
ئاوارە هەر هێندەی پێ ڕەوایە
بڕوا و جێ بهێڵێ شارمان.
خۆشەویستی لە یەک لاوە ئاوهایە
هەر پەشیمانی لە دوایە
لەوەتەی ئەوم ناسیووە لێم ئاڵاون پوورەی گومڕایان.

ئەو شارە چەند شیرینە
هێندەش مەڵبەندی برینە
جاران مێرگ بوو هەر قانەو گوڵێک
هەر جێگەو عەترێک ئای لەبەر بۆنیان
وەی لەو بۆن و لەو هەموو جوانییە میهرەبانییە
ئێستا لە جێگەی ئەواندا هەر ڕقە هەر کینە
کوا ڕقی؟
کە تووڕەش دەبێ هەر خۆی دەسووتێ نابێتە ئاگر.
گوڵزار نابێتە خار، کە بوو بە ئەو
کوێ ببێتە ماڵی بولبولی هەژار؟

بەناو پەیکوڵ و پاقلەمارانە باز دەدەم دەڕۆم
پشت دەکەمە بێبەختیی خۆم
تەمەن بەشی ئەو هەموو ئاژاوە ناکا کە بێ بنە
هەر چەند دەیهێنم و دەیبەم ئەنجام ونە

تەماشاکە: هەر شەقامە و بووەتە شارێک
هەر گردەو حوکمدارێک
هەر ماڵەو ئەغیارێک
هەر شوێنەو
دەشەکێتەوە بە مەلوولی تێیدا ئاڵای سەردارێک
جوانیش دابەشبووە تا ئەو شوێنەی نامێنێ
هەموو دابەش بووە تا دەگاتە هیچ
هەریەکەو پەلەیەتی توورِ بدا ڕابردوو
دەبڕێ ڕێگەی شەرمەزاری بەرەو داهاتوو
خودایە! گوناهمان چییە ئەو شارە بۆ ئاوهایە
هەموو کەس دەپرسێ
وەڵام لای کەس نەمایە
شار بەو هەموو پرسیارە پووچانەوە خرۆشاوە
لەلای من خۆڵی بەسەردا کراوە
کەچی دەڵێن سەیرانێکە رازاوە
شەرتی من و ئەو تەواوە
کەس لەوی تر نەگەیشت
ئەو ماوە من ماڵئاوا.

## شار دڵی کەس ناشکێنێ دڵشکاوە

بۆ بورهان جاهید
یاخیبوون هەر بەجوانی دەمێنێ

١

شارئاقیقە
کۆنیش بێ دەبریسکێتەوە
شار پڕە لە
شەقامی سیحرباز
ناگەنە هیچ کوێ
مرواریین

ئەبەنووسن
سووتاون بەو هەموو فرمێسکەی
لە گۆرانییە خەمگینەکانەوە دەڕژێن
شار.. پڕە لە: ڕەنگ. کیمیاگەرە
هەرچۆنت بوێ
بەو ڕەنگە ئێوارەت بۆ دەنەخشێنێ
بە درەختی شینەوە.. ئەو کاتەی شەڕ لەگەڵ تاریکی شەو دەکا

یا کەسکێکی بەرسیلەیی
کە منداڵی دەسرەوێ لە ژێریدا
درەختی زەردیش.. کە ئەوپەڕی شادمانی دەنوێنێ لە کۆشی پایزدا.
زەردی لە هیچ ڕەنگان نەچوو
بەڵام خۆشی لە بنچینەدا قاوەییە مایل بە خۆڵەمێشی
نەشئەی کامڵبوون دەیباتە لای ڕەشی
ئەو جۆرە ئەفسوون و دەلالەتانە
دارتاشێکیش دەتوانێ هەڵی بکەنێ
لە سندووقی داری جاودا
پڕی بکا لە خولیا بۆ ماڵی ئومێد

ئاسنگەرێک هەندێکی..
باخچەوان هەندێکی..
ئەندازیار و دوکتۆر و مامۆستا... هتد
هەناسە پڕن لە حەسرەت
هونەرمەند و شاعیران ڕەنگەکان دەگوازنەوە
لە بارێکی ناشادەوە بۆ ئەوپەڕی بەختەوەری
نهێنی کارەکەش لەوەدایە
کەس ئەو ڕەنگانەی پێشتر نەدیوە
کەس نازانێ لە چی بووە خوڵقانیان
شار پڕە لە: دیمەنی نادیار، پڕە لە هیچ
گریمانەی دۆزینەوەیان یەکە لە هەزار
کەس بە ئاسانی نابێتە خاوەنیان
کەچی وا مەزەندە دەکرێ هی هەمووانیش بن
بەوە نییە، بەیانیان قاوەی تێدا دەخۆیتەوە

سەموون و کەرەی لۆرباک بە مورەباوە
یا کێکی بە کرێم بە چا و شیرەوە
لەسەر مێزی ستیل بە دیار سێبەری داری جەوییەوە
ژەمێکی باش دەخۆی بە دیار پشیلەیەکەوە
ئەو هەموو شیرینییە بارتەقای تاڵی نییە
کە ڕۆژەکان خڕیان دەکەنەوە

لەژێر پێستە تەنکەکاندا
لە چەورییەکی تەمبەڵی ژەهر ڕەنگی لیچدا
دەمارەکان خەریکن دەتەقن بە دەست ماندووبوونەوە
ئەو دیمەنانە حیکمەتیان لە دووبارەبوونەوەدایە
ئەویش کوشتەی وەڕسییە
ئەو مۆتیڤانە بە تەنیشت ڕستەی درێژی هەناسەسوارەوە
بۆشایی پڕ دەکەنەوە کە کرۆکی بوونە
مایەی لێڵبوون و بێزاربوونە
دەرگە لەوپەڕی نا ئومێدیدا وا بەستەیە پێمانەوە
توتکەیەکی ماڵییە
هێندە جوان فێری کرانەوە و داخرانە
کەس فێری نەکردووە خۆی گیرۆدەی کلیلە
چەند خۆش دەبوو شار دەرگەی نەبووایە
چۆن هەتاو دەچێتە باخچە
ئێمەش وا چووباینەوە ماڵ
ئەوەی هەمیشە جوانە تەنیا پەنجەرەکانن
کە ڕادەماڵن پەردە لە لەشیان
ساف و لووس دەڵێی کچی بەهەشتن
دەبریسکێتەوە گۆی مەمکیان

٢

له چایخانه‌کاندا.. له بارِ و لا کۆڵان
ده‌نگی کپبوونه‌وه‌ی ئێستایه تلیاک ده‌کێشێ
شیرینی ئه‌و ده‌نگه له خه‌رمانه‌ی مه‌ستبوونه‌وه‌یه به ده‌وری مردنه‌وه
که‌س خۆی ناگرێ له بێ ده‌رەتانی نه‌وه‌کان
که وه‌کو ئه‌کرۆپات هه‌ڵده‌به‌زنه سه‌ر شانۆ به‌و په‌ته سیحراوییه
به ڕێککه‌وت.. شوێنێک ده‌دۆزمه‌وه بۆ ته‌ماشایان
لێره‌ش دۆزه‌خ به ته‌نیشت به‌هه‌شته‌وه‌یه
لاسایی ئه‌و دنیایه
گه‌وهه‌ری واتا نووساوه به پووچییه‌وه
خوداوه‌ند به شه‌یتانه‌وه

ئەفسوونێک گوڵ دەکا بەرانبەرم
شار هەرگیز هی کەس نەبووە
چۆن دەبێتە هی من، ئەگەر وا بەستەبم بە ماڵێکی؟
لە باڵندەوە فێر دەبم
لەسەر لکێک ئۆقرە نەگرم
هەندێک جار لە دارستانیش.
تەنیایی سیفەتی زاڵە لە دار ئەگەرچی بوونەوەرێکی گشتییە
سێبەری هەر لە ئەرزە و پەلی لە بەرزییە
من ئەگەر داریش بم، تەمەن هەر وەرزێکە
ڕەگ بستێکە.
چۆن لەو وەرزە خۆم دەدزمەوە؟ ئەو ڕەگە دەکەمە کۆڵمەوە
شەو هەتا گەیشتە شار هەر بۆنی خڕ کردەوە
شووشەیەک و دووان بەشی ئەو هەموو عەشقە ناکا
خەو هەتا گەیشتە چاو هەر شانی بەر بێداری کەوت
بێداری.. باخچەیەکی گشتییە
موعتادێکی ئەو باخچەیەم
تاریک و ڕوون دەنگی سەموونفرۆش بانگم دەکا

بەڵام سەموونم بۆ چییە؟ ڕوح برسییە.
خوێنی خۆی دەخواتەوە لەش زەرد هەڵگەڕاوە
هەمیشە پێویستی بە هەتاوە.

٣

ئەگەر دەتەوێ ئەو شارەی من بناسی هەڵی گێڕەوە دژی خۆی
من هەموو جار ئەو یارییە لەگەڵ دەکەم
هەر جێیە و گەواهی نەفرەتێکە
کتێبێکە پڕ لە لوغز و پەڕاوێز
یر یلان دیمز
هەناوی بە دیار تاڤگەی شیعرمەوە پڕووشەی ئاواز تەڕی دەکا
بەو تەڕییە بیبینە قەت لێی تێر نابی
پێشەنگایەکە لە ئیلهامی خودا
بلوورە، کریستاڵە، گەوهەرە ئەندامی
هەر لە خوارەوە تا سەرێ
بەڵام ساڵانێک ڕابوورد و هەر نەبڕاوەتەوە
تۆز و خۆڵی جەهالەت سووری هەڵگەڕاندبوو
دەتوت خەمی نامورادە سەر بڕاوە بۆ قوربانی
تەواو لە یەکتر غەریب بووین بەو سوورییە
هەر دۆست بوو سوور دەچووەوە
هەتا دوژمنیش شانازی بەو ڕەنگەیەوە دەکرد
سەر برژانگ و کونی کەپوو پڕ بوو لەو تۆزە

گۆی مەمک و ناو دەرپێ
شەرعیش ڕێگەی دا بەو سوورەوە جووتبوون حەڵاڵە
گرینگ ئەوەیە سوور بزێ
فەتوا بەو ڕەنگەوە درا و هەر دەدرێ
تا ڕۆژی قیامەت کە پێنج و دوو ڕۆژێکی مابوو.
دەزانم شار ئەستێرە نییە مێژووی نەبێ
گوڵ نییە کۆن و نوێی نەبێ
کە هەیبوو هەندێکی تاریک و ئەوەی تر ڕووناک
من دۆستی ئەبەدی ئەو تیشکەم کە تا ئەبەد دەمێنێتەوە
چۆن دەبمە دوژمنی نیوەکەی تری خۆم؟
جەنگی من و ئەو بێ ئامانە

ئەفسووس، ئەوەی دەکوژرێ هەرخۆمم!
شار دڵە، خوێنی پیسی پێدا دەڕوا خوێنی پاکیش
لە نەوەی کامیانم؟ گومانم کز دەسووتێ بە دیارمەوە.
لە خەوێکمدا.. باوەشم ئاڵاندبوو لە کەمەری
لێوم خستبووە سەر لێوی
ئەو هەموو ماچەم دەکرد
هەر بە ئاگا نەدەهات قەڵات.
حەجێکی سەیر بوو
ئەو ڕەوە حاجی لەقلەقە بەجلی سوورەوە
لە دەوری خانەقا
تومەز هەزار ساڵ پێش ئێستا
یەکێکیان لەوێ کوژرابوو.

٤

چەند غەریبی منداڵی دەکەم
کە پیرەمێردە پەنیرفرۆشەکە بانگی دەکرد:
جوجوقلر...
بۆنی سەلکی پەنیر تێکەڵ خولیای گەنجیشم بوو
سیحری ئەو بۆنە هەر ماوە
بارابر گیدارغ...
توووند دەستم دەگرێ
بە ئەسپایی دەمباتەوە ناو قەیسەری
ئەو تابلۆیە تووند دەنێم بەدڵمەوە
باڵندەی کۆچکردوو وادەی هاتنەوەیانە
منداڵی سەرگەردان وادەی هاتنەوەیانە
ئەشقیا و یاخی وادەی هاتنەوەیانە
ئاوی سازگار و لێڵ وادەی هاتنەوەیانە
شەماڵی لەخۆ بووردەیی هەموویان دێنێ
هەرچیم دەست کەوتووە لە ئاوازی دڵگیر و دڵشکاو
لە خولیای درەوشانەوە هی ڕاونراو
بەوانەشەوە کە نائومێدن

پەرش و بڵاون لێرە و لە شاران
بە گاڵتەجاڕییەک کە ئیلهامبەخشی ڕوحێکی یاخییە
پێکەوە دوا گۆرانی دەڵێین
هاتنەوە قەدەرە
لەوبەینە لاچۆ دڵشاد!
دنیا چییە و ئێرە چییە؟
شار پیر بووە بە دەست ئەو عەبەسە.

٥

گوێم لە ڕابردووە نووساوە بە گەردووی منارەی چۆڵییەوە
کڵاوی سەخرە جنی لەسەرە
کۆن بەهایە
جوانی لە تازەیی دایە
لەناو ئەو گوێ شەیتانۆکە دێینە دەرێ
ئەو هەموو ساڵە لە کوێ بووین؟ دەپرسین
بە دوازدە پەراسووی شکاو بە بڕبڕەی پشتیشەوە
لە شێوەی خشۆک، ئەو هەموو ئەستێرە بە سەرسوڕمانەوە
نەوەی خۆڵین خۆڵ خۆڵ
کێ ئەو شارەی دروست کرد؟ پاشا و میرەکانی؟
شارێک نییە لەسەر ڕووی زەمین
بناخەی دانەڕشتبێ ئەڤین

وەستاش کە بەردیان داناوە هەر بەو نەشئەیە بووە
بەڵام بێ چریکەی شاعیر تەواو نەبووە
ئەوجا خوان دانراوە، جێگە ڕاخراوە
شازادە پاڵ کەوتووە
لانک ڕاژەنراوە
شیر لە گوان فیچقەی کردووە بێدەنگی شکاوە
ئەوجا پاشا و و میر حوکمیان تێیدا گێڕاوە.
قەڵا هەربنی بۆش نییە سەریشی ڕووتاوە
بە دەوریدا مشتومڕیانە شارەوانی و شوێنەوار
هەتا ڕۆژی قیامەت
ئەو گێڕانەوە و تەئویلە کۆتایی نایە.

٦

نیشتمان سەرمەستە کەوتووە لە بەردەمی بازاڕی (نیشتمان)!
پڕ بە گەرووی دەچریکێنێ
هەورێک لارەلار دێتە خوار
خۆی دەدا لە پرچی ئاڵۆزی
کاسەی چەورە بۆ یاخییان ئەم مەملەکەت و دەورە
ببوورن، کە ئەو عەشقەی من نامۆیە
دەسخەڕۆیە بەو هەموو تەلبەندە
خەیاڵی کوشتووم ئەم بەندە
دڵ پڕە و هەموو شت بەتاڵ
بۆنی ڕووخان دێ ماڵە و ماڵ
ژێیەک بەتەنیا دەژەنێ
بەرد دەتوێنێتەوە
ئێمە تەقەی سەرمان دێ.

به نەعلی ئیسفەنج و کراسی فستقی
لە بەردەرگەی سینەمای حەمرا
بۆ فیلمێکی کۆن وەستاوین
گیرفان پڕ لە گوڵەبەڕۆژە
تا کۆتاییی فیلمەکە هەر ئەکتەرە و دەکوژرێ
هەر دەنکە تۆیە و دەشکێنرێ.
جێ سێدارەی تێکۆشەران.. کوا پەیکەریان؟
تۆوی باخچەیەک دەنێژم
سیاسەت نەیکا بە گوفەک
دەمارگیریی نەتەوەیی دەست نەخاتە بینەقاقای
ئەم شارە ڕابردووی جوانترە لە ئێستای.
بنوو وەکی گوڵەگەنم لە سێبەری شەماڵ
سترانێکی ئەبەنووسی بەدەنگی شەوێکی سەرخۆش
ڕادەبوورێ غەریبانە
دەبوو ئێرە مەیخانەیەکی ڕوح بوایە
بە هەزاران خەونی عاسی بادەیان لێ پڕکردبا
دەریایەک با پڕ ماسی ڕەنگاوڕەنگ
دەترسم ئەوسا مەلایەک فەتوای دەرکردبا:
ماسییەکان ڕووتوقووتن کوشتنیان حەڵاڵە.

چەقۆیەک چەقیوە لە دڵی بەیاندا
هەر شەقامە و لەچک فڕێ دەدا
هەرفلکەیە و مانتۆ فڕێ دەدا
شۆڕشی ڕووتبوونەوەیە
هەر گرووپ و ئیتنیک و زمانێک
نەخشی خۆیانی تێیدا دەگێڕن
لە دژی چەقۆ و کودەتا
بەو شێوەیە شار شانازییە
ئەو کاتەی لیوانلێو لە ئازادییە.
ئەتڵەسەکە هەڵدەگێڕمەوە
ئەو شوێنەی کەوتووەتە خوار حەسارۆست
بە ڕەنگی مامزێک بە پەڕی کۆتر
ئەو مامزە دەگێڕمەوە ناو سروشت
ئەو کۆترە موژدە دێنێ
لافاوەکە نیشتووەتەوە
ئەو شوێنەی کە دادەبەزین
هەولێرە.

## بڕگەی زبر

له تاریکیدا چی دەبینی؟ (مار کاژ فڕێ دەدا).
سفرەیەک ڕادەخرێ
چەنگاڵ له ڕوح گیر دەکرێ
له تاریکیدا، کرم دەچێته گژ ناسکی لاسک
جۆبڕکه دەچێته گیانی ڕەگی باریکی پانۆنیا
پیلان له باخچه دەگێڕن بۆ کوشتنی گوڵ
به قەدی خەیاڵەوە.

(زامی شمشێر خۆش دەبێتەوە)

هی برادەر هەمیشە دەکولێتەوە.

پێم دەڵێن، یەهودای ئیسخەریوتی
خۆزگە لەدایک نەدەبووم
خۆزگە کوژاڵک دەبووم
لەسەر خوانی مەسیحی دەجال نەدەبووم.

(لە کێویان پرسی، بۆ بەرزی
وتی، لە سایەی دۆڵەکەی بەردەممەوە)
لە من بپرسن، هەزار بیانوو دێنمەوە
سەحرا کێویشی تێدابێ
لمی ڕووتە
کزەباش پیلان دەگێڕێ بۆ ڕووخانی.

سەرم کڵپەی سەندووە دەبێ دامرکێتەوە
دەریاش ناتوانێ ئەوە بکا
گوللەیەک دەتوانێ
ئاگر بەئاگر دەکوژێتەوە.

جنۆکە شایی دەگێڕن.



لە تاریکییدا، بەرد دەجووڵێ بە ئاراستەی تلبوونەوە
لە تاریکیدا، جانەوەر زاوزێ دەکەن
جنۆکە شایی دەگێڕن.

لە تاریکیدا، مۆمێک دادەگیرسێ
بەڵام خشۆک بە خۆڕسک حەزی لە تاریکییە
لە تاریکیشدا باشتر پێوە دەدا.



دڵشاد عەبدوڵڵا (٩)

ئۆرشەلیم لە دەریاوە گەمارۆ دەدرێ
ئۆرشەلیم لە زەوییەوە گەمارۆ دەدرێ
ئۆرشەلیم گۆزەی شەرابە
هەرچەندی توندتر دادەخرێ
خۆشتر پێ دەگا.

ئەگەرچی بەفریشم دوژمنم زۆرە
هەتاو لێم دەدا و هەر لە من کەم دەکاتەوە
با لێم دەدا و هەر لە من کەم دەکاتەوە
هەردووکیشیان برادەرن!
حیکمەتی ژیانم ئاوهایە:
ئەو ساڵیش تەواوبم
ساڵێکی تر دێمەوە
نە من کۆڵ دەدەم نە دوژمنەکان دەبڕێنەوە.
ئەم ڕستەیە دەکرێ بەم شێوەیەش بنووسرێتەوە:
ئەوان زەردەواڵەن
وابەستەن بەمنەوە.

هەر وەک بەفر دەمێنمەوە پەڵەیەکی بچووکیش بم.

## له بن خێوەتی قرووه

بن چادر بوو له ئاو
تەڵه نێرگسێک میوانه
درێخا! بۆ ئەو شارەی بەجێماوه له دوور
گەروو هیشک بوو هێندەی بانگی بکەم
هەر گەڕەکێکی حەسرەتێک ئاڵاوه له پەرچەمی
هەر ماڵەو خولیایەک کوژراوه له بەردەمی
باڵنده دەگەڕێنەوه له باشوور
دەپرسم لێیان
کەس شتێکی ئەوتۆ لەبارەیەوه نازانێ
سوور هەڵدەگەڕێ ئاسۆ له حەژمەتان.

وەکی چەلۆیەک بەدیار ژێیەکانییەوە
هەر پەنجەی بایە دەیلەرێنتەوە
هەر دڵۆپی بارانە دەیژەنێ
هەر شەوقی منە نووساوە بەدەنگییەوە
لەبن خێوەتێکی قرووە
دانیشتووە ژنەکەم
بەدیار چوار منداڵییەوە

لەکەیەوە چووەتە ناو نۆتەی مۆسیقا؟
لەکەیەوە ئەو هەموو ئاوازە ڕادەکێشێ بە دوای خۆیدا؟
لەکەیەوە چووەتە دۆخی فریشتەوە؟
لەکەیەوە پەڕ و باڵی دەسووتێ و وەڕس نابێ لە ژەنین؟
خەریکە دەبمە داری پەلک
هێندەی
بەرد بگرنە میوەکانم
شەو تان و پۆیە پێمەوە لکاوە
وەکی دێوانە خۆم دێتە پێش چاو
یان تەشییەک لە خۆیدا لوول بدا داوی تاریکی
من و ئەو هەتا دێ غەریبیمان بە دوایدا دەچێ
کازیوە شل بووە ئەوەندەی ڕابکشێ
لە نێوانمان.

به شەیدای ئازادییەوە دەربەدەری کێوانم
ئەو وەهمە کەی دەبڕێتەوە چوزانم
ئازادی بێ شار کوانێ؟
لە بن بەرد و گوێ ئاو و تەڕاشان
بیگەمێ، چۆن بیناسمەوە؟

وام دیوە لە خەوما،
ڕیشێکی درێژ و سپیکەلانە
تەبەش پان، ئاکار وردیلە
دەستم خستووەتە ناو دەستی هێسکی نەبووە
لۆکە بووە هەمووی
کەچی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەڵێن،
گەنجێکی تێک سمڕاوە
قەفی سمێڵی بۆ سەرێ باداوە
خەنجەرێکی دەسک شووشەی لەبەر پشتە
دەستی لەسەر مشتی داناوە
لەو نێوانەدا نەخشی خۆم گێڕاوە
هەموو ژیانم گرێ داوە بەو وەهمە
ناوی چی بنێم لەو کۆچە؟
خولیای شار جیاوازە
لە هی چیا و ناو دۆڵان
من و ژنەکەم چوار چمکی دانیشتووین
دەکوتینەوە ڕابردوو لە سندۆڵان

ئەوماڵەی خۆمان گۆڕییەوە بە خێوەتێک
سەبرت هەبێ،
ئەو چادر و ئەو ستوونە
ساتێکی تر باڵ دەگرێ
دەمانباتەوە ئەوێ
ئەو لە گەرمە فێنک دەبێتەوە
ژنەکەم دەستی لەسەر دادەنێ

لەکەیەوە ئازادیت شاردووتەوە لەبن پێست؟
لەکەیەوە رەفیقی دز و شەریکی قافڵەیە ئازادی؟
هەروا لە تەمەنمان دەدزێ
ڕیسوایە بەدەست بەڵێنەکانییەوە
لێوم هیشک بووە هێندەی بینی پێوە بنێم
ئاوی چاوم داهاتووە ئەو هەر نەهاتووە.

کچەکەم تازە پێ دەگرێ
دەستی دەگرێ بە ئەستوندەگی چادرەوە
گاز لە سێوێکی زەرد دەگرێ
وا دێتە بەرچاوم ئەو سێوە ڕوحی منە
چەند دڵگیرە بەسەر لێویەوە
جارجارە شەوقی نیگایەک دەگرێتە ڕووی سەرسام
هەتا دێ تاریکییم دەبڕێ
دنیا کە لە چاونووقانێکدا دەبڕێتەوە
لە چاو ترووکانێکی ئەودا دەست پێ دەکا
دڵنیام خەونێکە ئەوەی دێ

خەونی تۆ چییە کچی خۆم؟
هانا دەبەم بۆ چاوی ئەو
بەڵکو گەواڵەی سەرنجێک دابکا
تەڕ بکا دڵی وشک هەڵاتووم
دەزانم من مایەی ئەو هەموو دەربەدەرییەم
ئەگینا، دەبوو ئەو ئێستا
لەناو نوونێکی گەرمدا بخەوتبا
هەرچی فریشتەی گەردوونە
باوەشێنی بۆ کردبا
نەکو سەرمای سەر سنوور پەنجەیان گەستبا
درێخا! شەمی بابە
ئەو شەوە درێژە هەر نەبڕایەوە
کوێر بام ئەو شەوەم نەدیبا
ئەگەر دەسەڵاتم هەبایە
دوو باڵم دروست دەکرد بۆت

هەتا فڕیبای
کوێت ویستبا بۆ ئەوێ چووبای
نووکی خەیاڵ دەژەنمە زمانم
حیکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە
خۆشم ئەنجامی نازانم
دەتبەمە کۆشکێکی سپی لە پشت ئەو چیایانە
دەتکەمە دڵخوازی یاران
فەرشی چی حەز و ئارەزوو هەیە هەمووی ڕادەخەم...
خەوێکی قووڵ دەتباتەوە
دەنگی لێدانی دڵت دەبیستم
دەڵێی شەرابە دەڕژێتە ناو پیاڵە
کێ ئەو پیاڵەیە هەڵدەدا، ئەو شەرابە دەخواتەوە؟
ئەو دڵە بۆ کێ لێ دەدا؟ بۆچییە خولیای؟
چاوم لێبایە ئەو ڕۆژەی دەبووە جێگای
ئەڤینی بێ سنوور
ئەو کاتەی باڵندەی کێوی کوڕێکی کەڵەگەت
دەیکردە هێلانە
لە قووڵاییی دارستانێکدا بە جووت خەوتان لێ دەکەوت
ئەوجا ڕوحی بابە دەسرەوت

له هەوری ئەرخەوانیدا دەرمەکەوە کچم!
تۆ چیت داوە لەو ڕەنگە خەمگینانە
بۆ ئەوە نەخوڵقاوی
دەست بگێڕیٚ لەناو ئەو کونە مارانە
ژیانی تۆ تۆپێکە هەڵی دە بەو هەڵدانەوە جوانی
ئەوە منم نووساوم بەخاکەوە
چاوەڕێم تۆپەکەم بکەوتە خواریٚ
ئەوەی دڵخۆشی دەبەخشی پێم سیحری ئەو چاوانەیە
کە ئیلهامی پاشەڕۆژی دێوانەیە
چەند جوان تەماشای ناوچاوم دەکەی
دڵنیام ڕۆژێک دیٚ لێم تیٚ دەگەی.

باخی هەرچی شاعیرانە میوەی وا جوانی نەداوە
فڵچەی هەموو هونەرمەندان نەخشی ئاوهای نەکێشاوە
ئەو دیمەنە وردیلانەی
قەتیس ماون لەسەر ڕوو
هێشتا لێڵ نەبوون
بە فرمێسکی نائومێدی هێشتا زەرد نەبوون.

ئاوازێک دێته گوێم لەنگە قافیەی
کێشی لاسەنگی دەکێشێ بەڕوحمدا
ڕەنگێک دیارە زۆر دوور
مەلی ناو سنگت دەخوێنێ بۆ ئەو ڕەنگە
ئاخ، خۆزگە دەگەیشت پێی.
من نەمتوانی ئەو مەلەبم وەکی ئەو بخوێنم
من گەرووی گرتووم گۆرانی تفت و تاڵ
بێ مەیلی کردووم
چۆنم بووێ بۆم ناوترا ئاوازی مەزەدار
هەرچی بۆن و بەرامە لە سۆزمدایە
خەفیە و ئەغیار شێلاویانە هەرچی گیایە لە گیانم
شیعرم ئەگەر تامێکیشی هەبێ
هی ئەوەیە دەستەمۆ نەبووە زمانم
بەو حوشترەم کردووە وشەی فەرهەنگم
کە بەرگەی بیابان دەگرێ
بێ خۆراک ڕێگاوبان دەبڕێ.

پێچەوانەی هەموو چیاکان ترۆپکم لە نەویاندایە
حیکمەتی سەفەرم بێ کۆتایە
درێخا بۆ مەملەکەت شێواوە عەرشی
هەموو ئاوارەین لە بن خێوەتان
کێ لەوێ ماوە بە دیار گەنجینەوە؟
ئای لە بۆ ئەو ڕۆژەی دەبینم
توند دەستت گرتووە پێیەوە
بووی بە خاوەنی ئەو هەموو سەروەت و سامانەی
شار بە تۆ بناسرێتەوە
شەرتی من و تۆ ئەوەیە.

قرووه خەریکە دەنووێ
خێوەت باڵ دەگرێ
هەموو شەوێک دەگەڕێینەوە
چەند ترسم هەیە شەوێک لە شەوان بەجێ بمێنم
لەو سەفەری خولیایە لەگەڵدا نەبم
بێ من چۆن ڕێگە دەگرن دەگەنەوە شار؟
کچی خۆم، بەو پاکییەی خۆت
تۆ پێشڕەویان بە.

## له کۆیە

باران... ماوەیەکە درەنگ دەبارێ
که دەشبارێ دەیکاتە لافاو
فیلمێکی کورتە.
شەوێکیان،
لە ماوەی چەند خولەکێکدا، لە کۆیە
خەریک بوو ئاو بمانبا
چوار کەس بووین لە ئۆتۆمبێلێکدا.

پیاوێک، لەسەر شۆستەوە هێمای بۆ کردم
نەچینەوە سەر پردەکە ئاو گرتوویەتی
ڕێگایەکی لا چەپمان گرت.
تووڕەیی پێوە دیارە باران
بە دڵۆپەکانی رەجممان دەکا!
مۆسیقای بە پەلەی هێمایە
دەڵێی کۆتایی دنیایە.
سەلەفییەکە، ئەو لە یەکچوونەی بەدڵ بوو
ئێرە مەڵبەندی شەیتانە ئەو دەڵێ
وەکی ئەوەی خۆی لێرە نەبێ لەگەڵماندا نەبێ
ئەوانەی بەر لافاو دەکەون کێن؟

خانووە نزمەکان
خەڵکە پەراوێزکراوەکان
ئایا ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی گوناهکارانن؟
دادوەرێک کوا بڕیاربدا؟
وەڕس بووین بە دەست خوتبەکانەوە
ئەو هەموو ناعەدالەتییە لە کوێوە گەیشتە ئاسمان؟
باران سیمبولی خێر و ئاوەدانییە.
ئەو تووڕە بوونە خەسڵەتی ئەو نییە.
سەلەفییەکە، چاو دەگێڕێ بۆ تۆڵە
کەچی باران نازانێ تۆڵە چییە
لای ئەو مزگەوت و مەیخانە فەرقی نییە
چەند حەسوودیی دەبەم پێی
چۆن شیعرم بگا پێی
بڕژێتە ناو هەموو دڵێک
نەپرسێ هی کێیە هێ کێ
هەر بڕژێ و هەر بڕژێ.

باران کە ئەو هەموو ترسەی نرواند لە کۆیە
جارێکی تر ئەوەی سەلماند:
بەهرەی گەورە ترسی گەورە بەرپا دەکا
خۆشبەحاڵی ئەوانەی ناسڵەمێنەوە
خۆیان دەدەن لێی
هەر ئەوانن هەتا سەر دەمێنن
ڕوحیان پڕە لەو مەیە ئاگرینە کە هەمووی ئەڤینە
لە سەرو سیمایاندا شێتییەک دیارە
ئەو شێتییە کە هەڵدەکا عەقڵ چی دەکا؟
بەو مەنتیقە، سەلەفییەکە دەدۆڕێنێ،
کە ڕق تەمەنی دوو سێ ڕۆژێکە
هی ئەوان هەتا دێ هەر زیاد دەکا

# پێڕست


لە سوپاکەی گەزنەفۆندا ..... 5

کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە ..... 12

ئەوپەڕی هێمنی ئەوپەڕی شڵەژان ..... 25

سۆناتای بێدەنگی خوێن کە شین دەچێتەوە لە ژەنیندا ..... 44

گێڕانەوەی ڕۆژێک لە ساڵێکدا ..... 51

تەقینەوە لە بێدەنگیدا ..... 95

شار دڵی کەس ناشکێنێ دڵشکاوە ..... 104

بڕگەی زبر ..... 123

لە کۆیە ..... 147